ناوەندی راگەیاندنی

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

# پەیڕەوی ناوخۆ
# و
# بەرنامەی سیاسی

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پەسەنکراوی کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵە

خەزەڵوەری 1391 - ئۆکتۆبری 2012

# پێڕست:


## 1) پەیڕەوی ناوخۆ

بەشی یەکەم: ناو و بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخستن
بەشی دووهەم: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە
بەشی سێیەم: کۆنگرە
بەشی چوارەم: کۆنفڕانس
بەشی پێنجەم: ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی ناوەندی
بەشی شەشەم: ئەندامێتی
بەشی حەوتەم: لێپرسینەوەو سزا حیزبییەکان

## 2) بەرنامەی سیاسی

بەشی یەکەم:
بنەما و تەوەرە سەرەکییەکانی ڕێباز و سیاسەتەکانی کۆمەڵە
بەشی دووهەم:
کۆمەڵە ومەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان

(1)

# پەیـــڕەوی ناوخـــۆ

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پەسەنکراوی کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵە

خەزەڵوەری 1391 - ئۆکتۆبری 2012

# بەشی یەکەم:
# ناوو بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخستن

**مادەی یەکەم:**
**ناو:** کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

**مادەی دووەم: بنەما سەرەکییەکانی ڕێکخستن:**
بنەمای ڕێکخراوەیی لە کۆمەڵەدا، دیموکراسی و بەشداری پێدانی هەموو کادرەکان و ئەندامان لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبەرێتیی ڕێکخستنیدایە. لەسەر ئەو بنەمایە ئەو خاڵانەی خوارەوە بنەمای هەڵسوکەوتە ڕێکخستنیەکانی کۆمەڵەیە:

1. هەڵبژاردەیی بوونی هەموو ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخستن لە خوارەوە هەتا سەرەوە، لە لایەن ئەندامانی ئەو بەشەی ڕێکخستن یان نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان.
2. دیاریکراوبوونی دەورەکانی هەڵبژاردن بۆ هەموو ئۆرگانەکانی ڕێکخستن.
3. خاوەن دەسەڵات بوونی ڕێکخستنە ناوچەییەکان بۆ بەرەوپێش بردن، چۆنیەتیی بەڕێوە بردن و بەکار گرتنی سیاسەتەکانی حیزب و کۆمیتەی ناوەندی لە کاروباری ناوخۆ و ناوچەیی پەیوەندیدار بە جوگرافیای چالاکیەکانیان.
4. یەکسان بوونی دیسپلینی حیزبی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵە.
5. گوێڕایەڵیی تاک لە بڕیار و پەسندکراوەکانی گشت و حیزب، گوێڕایەڵیی کەمایەتی سیاسی لە زۆرینە.

٦. گوێڕایەڵی ئۆرگانەکانی خوارەوە لە ئۆرگانەکانی سەرەوە و هەموو حیزب لە کۆمیتەی ناوەندی.
7. کارپێکردنی بنەمای ڕێبەرایەتیی گشتی و مشتومڕو بڕیاردانی هاوبەش لە کۆمیتەکان و ناوەندەکانی بڕیاردانی حیزبیدا.
8. ڕەچاو کردنی ئەسڵی ئاشکرایی و شەفافیەت و دیالۆگ لەگەڵ بزووتنەوە سەبارەت بە بابەتە فیکری و سیاسیەکان و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە چارەنووسی کۆمەڵە، خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان.
9. پارێزراوبوونی هەموو مافەکانی کەمایەتیی سیاسی لە بواری دەربڕینی بۆچوونەکانیان لەمەڕ بابەتە سیاسی و عەقیدەتیەکان، لەوانە لە ئۆرگانە سیاسییەکان و ڕاگەیاندنی حیزبدا.

**تێبینی:**
ئاشکرایە کە هەموو ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا دەبێت هەڵبژاردەیی بێت. لە دۆخی پۆلیسی و دیکتاتۆریی ئێستای ئێران و کوردستاندا، هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی شارستان و ناوچە لە ڕێکخستنی نهێنیدا لەگەڵ گرفتی واقیعی و پێویستیی ڕەچاوکردنی نهێنی کاری بەرەوڕوو دەبێت. لە وەها دۆخێکدا ناکرێت نوێنەرانی هەموو ئەندامانی شارستان یان ناوچەیەک لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا بەشداری بکەن. هەربۆیە بەرپرسانی شانە حیزبیەکان دەتوانن وەک نوێنەری هەڵبژێردراو بن. دەبیری شانە حیزبیەکان کە خۆیان هەڵبژێردراوی ئەندامانن، دەتوانن کۆمیتەی گەڕەک یان کۆمیتەی گوند پێک بهێنن و ئەم کۆمیتانەش بەرپرس و دەبیری خۆیان هەڵبژێرن. دەبیری کۆمیتەی چەند گەڕەک یان ئاوایی، کۆمیتە یان ئۆرگانی ڕێبەریی ئەو شارە یان کۆدێیە پێک

دەهێنن.

لە ئەگەری گۆڕانی دۆخی پۆلیسی و ڕەخسانی دەرفەتی هەڵبژاردنی ئازاددا، پرەنسیپی هەڵبژاردەن وەک هەموو بەشەکانی دیکەی حیزب ، لە ڕێکخستنی ناوخۆی کوردستانیشدا رەچاو دەکرێت.

**مادەی سێیەم:**

**پێوەرو ڕێساکانی حیزب سەبارەت بە فراکسیۆن لە کۆمەڵەدا:**

1. خوازیارانی فراکسیۆن ناوخۆیی حیزب، بەرپرسیارن لەوەی پلاتفۆرمی سیاسی خۆیان بخەنە بەردەست ئۆرگانی ڕێبەری حیزب.
2. ڕێبەریی حیزبیش بەرپرسیارە لەوەی کە پلاتفۆرمی سیاسیو بوونو تایبەتمەندیی ئەم دەستەبەندییە سیاسییە بە بێ دەستکاری بخاتە بەردەست کۆی تەشکیلاتەوە.
3. گرووپبەندی یان رەسمیەتی فراکسیۆنێک لەسەر بنەمای پێڕەوی ناوخۆ ئەوکاتەیە کە لانیکەم 10٪ی هەموو ئەندامانی ڕێکخراو پشتیوانیی لێبکەن تا بتوانن بەشێوەی فەرمی لەمافەکانیان بەشداربن.

۴. پابەندبوونی تەواوی فراکسیۆن بە ڕەچاوکردنی ڕێساو دیسپلینە حیزبیەکانو بەرەوپێشبردنی ئەرکە تەشکیلاتییەکانیان پێویستە.

۵. ڕەچاو کردنی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ ئەوەی ئەندامانی کەمایەتی سیاسی راگەیەنراوە بتوانن بە پێی قورسایی خۆیان لە حیزبدا، لە کۆنگرەکان، کۆبوونەوە حیزبیەکان و بەوپێیە لە کۆمیتە و ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیدا نوێنەرایەتی بکرێن. هەروەها لەرووی داراییەوە نەکەونە ژێر گوشارەوەو خاوەنی مافی یەکسان لەگەڵ باقی تاکەکانی تەشکیلات بن.

# بەشی دووەم: پێکهاتەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە

**مادەی یەکەم: ڕێکخستن و بنەما حیزبییەکان**

بناغەییترین یەکەی ڕێکخستنی کۆمەڵە، شانەی حیزبیە کە لە شوێنی کار، خوێندنگە و بە بەشداریی لانیکەم 3 ئەندام و لانی زۆر 7 ئەندام پێک دێت.

شانە حیزبیەکان یەکەمین ڕێکخستن و ئۆلگووی کاری حیزبین بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ئامادەبوون لە ناو جەماوەردا و بۆ بەرەوپێش بردنی کاری وشیاریدەرانە لە ناو خەڵکدا.شانە حیزبیەکان ئەرکیانە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا هەڵسووڕانیان بێت و نفووزی کۆمەڵە پەرە پێبدەن، پروپاگەندە بۆ بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆمەڵە بکەن. شانەکان دەبێت لەپێکهاتنی ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان یارمەتیدەر بن و تێدا بەشداری چالاکانە بکەن.

**تێبینی:**

دەکرێ لە ژێر چاودێریی کۆمیتەی ڕێکخستنی سەرەوەتردا، گرووپی تایبەت بۆ چالاکی و ئەرکی دیاریکراو بۆ دەورەیەکی کاتی پێک بهێنرێت یان لە نێوان شانە حیزبیەکاندا، ڕێکخراوێکی تایبەت ئەو ئەرکانەی پێ بسپێردرێت.

**مادەی دووەم: کۆمیتەکان**

1. باڵاترین ئۆرگانی هەر ڕێکخستنێکی ناوچەیی، کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەیە. کۆمیتە بەرپرسی بەرەو پێشبردنی ڕێکخستنە کە بەپێی سیاسەت و پەسندکراوەکانی کۆمەڵە و پێداویستیەکانی خەباتی

حیزبی و جەماوەری لە ناوچەی خۆیدایە.
2. هەر کۆمیتەیەک لە ناو ئەندامانی خۆیدا کەسێک وەک بەرپرس یان دەبیر هەڵدەبژێرێت. دەبیر پردی پەیوەندیی کۆمیتە لەگەڵ کۆمیتەی سەرەوەترە و بەرپرسایەتیی هاوئاهەنگ کردن و چاودێریی بەسەر چالاکیەکانی ئەندامانی کۆمیتەی، لە ئەستۆیە. دەبیری کۆمیتە چالاکیەکانی کۆمیتە بە ڕێک‌وپێکی و بەردەوامی بە کۆمیتەی سەرەوەتر دەگەیەنێت.
3. شێوەی کار لە کۆمیتەکاندا بەپێی لێکدانەوە و بڕیاردانی گشتی و هاوکات لەگەڵ دابەشینی کار و کۆنترۆڵی تاکەوە دەبێت. بڕیاردان لە کۆمیتەکاندا بەپێی زۆرینەی دەنگ دەکرێت. هەر کۆمیتەیەک لە بەرامبەر ئۆرگانی سەرەوەی خۆیدا بەرپرسایەتیی گشتیی لە ئەستۆیە.

**مادەی سێیەم: ئەرکی کۆمیتەکان**

1. ڕاکێشانی ڕای گشتی بەرەو بۆچوون و بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزب.
2. پێکهێنانی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک و ڕێکخراوەکانی دیکە
3. بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی حیزب لەو ناوچانەی چالاکی تێدا دەکەن.
٤. بردنەسەرەوەی هەرچی زیاتری تێگەیشتن و هۆشیاریی ئەندامان.
٥. کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە سەندیکایی و پیشەیی و مەدەنییەکان.

**مادەی چوارەم: دەسەڵاتەکان:**

1. نوێنەرایەتی کردنی تەشکیلات لە بازنەی چالاکییەکانیاندا.
2. مافی دیاریکردنی یاریدەدەران.

3. کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی چۆنیەتی خەرجکردنی بودجەی ئۆرگانی.
۴. مافی هاندان، تەمێکردن، هەڵپەساردن دەرکردنی ئەندامانی ئۆرگانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەچوارچێوەی ئایننامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزبدا هەیە.

**مادەی پێنجەم: ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە**

1. ڕێکخستنە ناوچەییەکانی کۆمەڵە، لە شارەکاندا بریتین لە: ڕێکخستنی شوێنی کار، ڕێکخستنی گەڕەک، ڕێکخستنی شار. ڕێکخستنی ناوچەکان لە ئاواییەکان بریتین لە: ڕێکخستنی گوند، ڕێکخستنی مەڵبەند. کۆی هەر دوویان واتە ڕێکخستنەکانی ناو شار و گوند، ڕێکخستنی شارستان پێک دەهێنن.
2. هەر کام لەو ڕێکخستنانە لە ڕێگەی کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەوە ڕێبەری دەکرێت.
3. کۆنفرانسی ڕێکخستنی شارستان بە بەشداریی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخستنەکانی خوارەوەتر بەڕێوە دەچێت. کۆنفرانس سیاسەت و پلانی کاری ڕێکخستنی شارستانەکەی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەت و بابەتە سەرەکییە گشتیەکانی کۆمەڵە و بە لەبەر چاو گرتنی هەلومەرج و پێویستیەکانی کاری لۆکاڵی خۆی تاوتوێ و پەسند دەکات و کۆمیتەی شارستان هەڵدەبژێرێت.

**تێبینی:**

1. ڕێکخستنی کۆمەڵە لە ئوروپا، ئەمریکا، ئوسترالیا و باقی وڵاتان لە ڕێکخستنە سەرەکیەکانی کۆمەڵەن کە لەسەر بنەماو پرەنسیپی

هەڵبژاردن و دیموکراسیی ناوخۆیی و پرەنسیپەکانی دیاریکراو لە پێڕەوی ناوخۆدا بەڕێوەدەچن. ئەم ڕێکخستنانە بە لەبەرچاو گرتنی جێگەو شوێنی چالاکیەکانیان و ئەو ئەرکە تایبەتانەی کە لەسەر شانیانە، شێوەی کار و یاساکانیان لەزۆربەی بوارەکاندا لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ناوخۆ جیاوازیی هەیە، هەربۆیە ئەرکە دیاریکراوەکانی دیکەی لە ئاییننامەیەکی جیادا کە هەمان بنەماکانی ڕێکخستنی پێڕەوی ناوخۆی تێدایە، لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە دیاری دەکرێت و رادەگەیەنرێت. ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای کۆمیتەی شار و وڵات ڕێک دەخرێت و بنەماو پرەنسیپی هەڵبژاردن تێیدا رەچاو دەکرێت. هەروەها لە نێوان دوو کۆنگرەدا دەبێ لانیکەم دوو جار کۆنفرانس لە لایەن ئەندامانی ڕێکخستنەکانەوە بەڕێوە بچێت. کۆنفرانسی دەرەوەی وڵات، سیاسەت و چۆنیەتیی کاری ئێمە لەو ڕێکخستنە تاوتوێ دەکات و ئەنجامی پێویست وەردەگرێت و هێڵەکانی چۆنیەتیی کاری داهاتووی دیاری دەکات.

2. ڕێبەریی کۆمەڵە ناتوانێت دابەشکاریەکی ڕێکخراوەیی دیکە، جیا لەوەی لەم پێڕەوەدا پێشبینی کراوە، بەڕێوە ببات یان پێکی بێنێت. بەڵام دەتوانێت لەکاتی پێویستدا ئۆرگانی ستادی و نا ئەستوونیی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی پێسپێردراو یان پرۆژەی دیاریکراو، پێک بهێنێت. بەڵام ئەم ئۆرگانانە لە هیچ دۆخێکدا نابێت ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئۆرگان و کۆمیتە حیزبیە هەڵبژێردراوەکان بەرتەسک بکەنەوە.

# بەشی سێیەم: کۆنگرە

**مادەی یەکەم:** باڵاترین ئۆرگانی کۆمەڵە کۆنگرەیە کە هەر 3 ساڵ جارێک دەبەسترێت و بەڕێوە بردنی بڕیارو پەسەندکراوەکانی بۆ هەموو حیزب پێویستە. کۆنگرە لە کاتی دیاریکراو لە پێڕەوی ناوخۆدا لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە بانگهێشت و ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.

**تێبینی:**
1: کۆمیتەی ناوەندی دەبێ لانیکەم ۶ مانگ پێش بەڕێوە چوونی کۆنگرە، لە نێوان ئەندامانی خۆیدا، کۆمیسیۆنێک بۆ ئامادەکاریی کۆنگرە رێک بخات. ئەم کۆمیسیۆنە ئەرکی سەر شانیەتی کۆمیسیۆنگەلی دیاریکراو لە نێوان ئەندامانی خۆی، کادرەکان و رێکخستن، بۆ هەر کام لە باسە پێشنیارکراوەکانی کۆنگرە، بە کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار بکات و رێکخستن و چۆنیەتیی کارەکەیان بە پەسندی کۆمیتەی ناوەندی بگەیەنێت.
2: هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی کۆنگرە دەبێ نزیک بە 2 مانگ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە کۆتایی پێبێت.
3: هەر پێشنیارێک بۆ باس لێکردن لە ئەجێندای کاری کۆنگرەدا، دەبێت لانیکەم 1۵ رۆژ پێش بەڕێوەچوونی کۆنگرە بدرێت بە کۆمیسیۆنی ئامادەکاری کۆنگرە.
۴: لە کاتی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی نائاساییدا، کاتی ۶ مانگ ئامادەکاریی بۆ 3 مانگ کەم دەکرێتەوە.
۵: مافەکانی سەرجەم نوێنەرانی کۆنگرە یەکسانە.

**مادەی دووەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی کۆمەڵە:**

1. بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پەسند یان دەستکاری دەکات.
2. ڕێبازی سیاسیی کۆمەڵە، مەسەلە ستراتیژیەکان و تاکتیکە گرینگ و پێویستەکان تاوتوێ و دەستنیشان دەکات.
3. ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و کارکردی ئەو کۆمیتەیە و ئۆرگانە سەرەکیەکانی کۆمەڵە (دارایی، ڕێکخراوەیی، ڕاگەیاندن و ...هتد ) لە ماوەی دوو کۆنگرەدا تاوتوێ دەکات.

۴. هەموو ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێرێت. جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی یەک لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێکدێنن.

**مادەی سێیەم: بەشداربووانی کۆنگرە بریتین لە:**

1. نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەر کام لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی.
2. کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ ئەندامانێک لە ڕێکخستنەکان وەک چاودێر بۆ کۆنگرە بانگهێشت بکات.
3. کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ لە نێوان حیزب و گرووپ و کەسایەتیەکاندا، کەسانێک وەک میوان یان چاودێر بۆ کۆنگرە بانگهێشت بکات.

**تێبینی**:

1. ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی تەنها لەکاتێکدا لە کۆنگرەدا خاوەنی دەنگ دەبن کە لە یەکێک لە ناوەندەکانی هەڵبژاردندا وەک نوێنەر هەڵبژێردرابن.

2. یاساکان و ڕێژەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە، لانیکەم 3 مانگ پێش کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرە، دەبێ بە ئاگاداریی ئەندامان و ڕێکخستنی ناوچەکان بگات. ئەم ئاییننامەیە بەپێی بنەما سەرەکیەکانی باسکراو لە پێڕەوی ناوخۆ و لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە ئامادە دەکرێت.

**مادەی چوارەم: ڕەسمی بوونی کۆنگرە**
بە بەشداریی 2 لەسەر 3ی نوێنەرانی خاوەن دەنگ، کۆنگرە ڕەسمی دەبێت و دەبەسترێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێت.

**مادەی پێنجەم: کۆنگرەی نائاسایی**
1. ئەگەر نیوە زێدە یەکی ئەندامانی کۆمەڵە خوازیاری بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بن، ئەرکی کۆمیتەی ناوەندیە بانگەوازی کۆنگرەی نائاسایی بدات.
2. کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێت بانگهێشتی کۆنگرەی نائاسایی بکات.

# بەشی چوارەم: کۆنفرانس

**مادەی یەکەم:** ئەگەر گۆڕانکاریی دۆخی سیاسی ناوچەکەو جیهان یان ئاڵوگۆڕە گرنگ و ناوخۆییەکانی حیزب پێوست بکات کە راوێژ و بڕیار لەسەر ئاستێکی بەرینتر لەکۆمیتەی ناوەندی بخوازێت، پێویستە کۆمیتەی ناوەندی بانگهێشتی هەموو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بۆ

کۆنفرانس بکات.

**مادەی دووەم:** بەشداربووانی خاوەن دەنگ لە کۆنفرانس بریتی دەبن لە ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخستنەکان و کۆمیتە سەرەکیەکان تا ئاستی کۆمیتەی شارستان و بڕیارەکانی کۆنفرانس بۆ هەموو حیزب پێویستە بەڕێوە ببرێت.

**تێبینی:**
کۆنفرانس بە بەشداری 2 لەسەر 3ی ئەندامانی خاوەن دەنگ، ڕەسمی دەبێت و دەبەسترێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگ پەسند دەکرێت. ژمارەی نوێنەرانی کۆنفرانس نابێ لە 2 هێندەی ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی کەمتر بێت.

# بەشی پێنجەم:
# ئۆرگانەکانی ڕێبەرایەتیی ناوەندیی

**مادەی یەک:** لە نێوان دوو کۆنگرەدا، کۆمیتەی ناوەندی باڵاترین ئۆرگانی کۆمەڵەیە و هەموو لایەنەکانی چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەڕێوە دەبات و بەڕێوە بردنی بڕیارەکانی بۆ هەمووان پێویستە.

**تێبینی:**
1. ئەو کەسانە دەتوانن کاندیدی ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی بن کە لە ریزبەندیی کادرەکاندا، خاوەنی مەرجەکانی باڵاترین ئاستی کادر بن و ناوەندێکی ڕەسمیی حیزب ئەوەی سەلماندبێت.

2. کارکرد و بەرپرسایەتی پێشینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کەسێکی کاندیدی کۆمیتەی ناوەندی دەبێ پێشتر بخرێتە بەر دەستی نوێنەران و بەشداربووانی کۆنگرە.
3. ئەگەر ئەندام یان چەند ئەندامێک لەمامەڵە بازرگانی و کارییەکاندا بەشێوەی شەخسی بەشدارن، دەبێت لەچوارچێوەی یاسایی و ستانداردە مرۆییەکان و ئاکاری کۆمەڵایەتیدا بێت و بە هیچ شێوەیەک بە زەرەری خەڵک و نەتەوەکان و بەهاکانی تەندروستی کۆمەڵایەتی نەبێت.
٤. ئەوانەی پێکەوە خزمایەتی نزیکیان هەیە بۆ وێنە (ژن و مێرد، خوشک و برا، ئامۆزاو برازاکان و دایک و باوک و منداڵ) نابێت پێکەوە لە کۆمیتە یان ئۆرگانێکی حیزبی لە سەرەوە تا خوارەوە لەبەڕیوەبردن و ڕێبەریی حیزبدا بن (مەبەست دەستەی کارگێڕی حیزب، کۆمیسیۆنە حیزبییەکان و بەشەکانی ماڵی حیزبە).

**مادەی دووەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی**

1. کۆمیتەی ناوەندیی بەرپرسی بەڕێوەبردن و بەرەوپیشبردنی پەسندکراوەکانی کۆنگرەی حیزبە.
2. دامەزراوە و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی حیزب ڕێبەرایەتی، ڕێنوێنی و هاوئاهەنگ دەکات.
3. کۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ حیزب و هێزە سیاسیە جۆراوجۆرەکاندا نوێنەرایەتیی دەکات و ا سیاسەت و تاکتیکی شیاو دەگرێتەبەر.
٤. هێڵی پڕوپاگەندەی سیاسی لە ڕێگای ئۆرگان و بڵاوکراوە ناوەندیەکان و هەروەها لە ڕێگای ڕێنوێنیی پێویستەوە، بەڕێوە دەبات.
٥. سەرچاوە داراییەکان و سەرمایەگوزاری حیزاب، هەموو دارایی و دەزگای خەزێنەی ناوەندی کۆنترۆڵ و چاودێری دەکات، بودجەی

حیزب و ئۆرگانە حیزبییەکان و کۆی تەشکیلات پەسند و بۆ خەرجە زەرورییەکانی خەبات لەرەهەندە جۆراوجۆرەکاندا تەرخانی دەکات. هەر دەستکارییەک لە بودجەدا تەنها لە سەلاحیەتی پلینۆم دایە.

٦. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە مافی هەڵبژاردنی یاریدەدەرانی خۆی هەیە.

7. کۆنترۆڵ و چاودێریی بەسەر شێوەی خەرجکردنی بودجەی ئۆرگانی خۆی هەیە.

8. کۆمیتەی ناوەندیی چاودێرو پارێزەری سەرچاوە داراییەکانی کۆمەڵەیە. بۆ ئەم مەبەستە دوو کەس وەک ژمێریار وکەسێک بۆ جێگری چاودێر بەسەر کاروباری دارایی کۆمەڵە لە یەکەمین پلینۆمی خۆی هەڵدەبژێرێت. بەسەرنجدان بە بارودۆخی خەفەقان ومیلیتاریزەی کوردستان، ئەم دوو کەسە دەبێت لە ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بن.

9: کۆمیتەی ناوەندی لە نێوان دوو پلینۆمدا لەناو خۆیدا دەستەی کارگێڕی حیزب هەڵدەبژێرێت.

**مادەی سێیەم: سکرتێری کۆمەڵە**

پلینۆم سکرتێری کۆمەڵە هەڵدەبژێرێت

**تێبینی:**

سکرتێر تەنیا دەتوانێت دوو دەورەی لەسەر یەک (مەبەست ماوەی 2 کۆنگرە لەسەر یەک، واتە لانی زۆر ٦ ساڵ) خۆی بۆ پۆستی سکرتێری کاندید بکات.

**مادەی چوارەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی**

1. ڕێبەریی و هیدایەتکردنی سیاسەتەکانی حیزب، نوێنەرایەتیکردنی حیزبی لەئاستێکی باڵا ڕوو دەرەوە لەئەستۆدایە. یاریدەدەران و ڕاویژکارانی خۆی هەڵدەبژێرێت.

2. دروستکردنی بەستێنێکی لەبار بۆ هیدایەتکردن و ڕێکخستنی ئۆرگان و کۆمیتە حیزبییەکان و هاوئاهەنگی و هاوکاریی لەنێوانیاندا. هاوئاهەنگی لەنیوان بەرپرسانی کۆمیسیۆنەکانی ناوەندیی.

3. کۆمیتە و ئۆرگانە ڕێکخراوەییەکان و کۆی حیزب، لەکاروباری گشتی حیزب و کارکردی خۆی ئاگادار دەکاتەوەو گوێ لە بۆچوونەکانیان دەگرێت.

۴. مانگی جارێک لەڕێگەی ئۆرگان و کۆمیتە حیزبییەکان ڕاپۆرتی کاری ئۆرگانە حیزبییەکان وەردەگرێت و ڕاپۆرتی خۆی ئاراستەی دەستەی کارگێڕی، پلینۆم و کۆنگرەی حیزب دەکات و لەبەرامبەریاندا وەڵامدەرەوە دەبێت.

**تێبینی:**

سکرتێری گشتی لە چوارچێوەی ڕێساکانی ناو پەیڕەوی ناوخۆ، هەروەک هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پەیڕەویی لە بنەماو یاساو ڕێسا حیزبییەکان دەکات و جێبەجێیان دەکات.

**مادەی پێنجەم: دەبیری دەستەی کارگێڕی حیزب**

دەستەی کارگێڕی حیزب دەبیری دەستەی کارگیڕی هەڵدەبژیریت.

**مادەی شەشەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەبیری دەستەی کارگێڕی**

1. بەرپرسیارێتی بەدواداچوونی بانگەوازەکانی دەستەی کارگێڕی بۆ کۆنفرانسەکان، کۆبوونەوە و سمینارە حیزبییەکان لەئاستە جیاجیاکانی لە ئەستۆدایە.

**مادەی حەوتەم: وتەبێژەکانی حیزب**

پلینۆم لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دوو کەس وەک وتەبێژی حیزب هەڵدەبژێریت، یەکێکیان وتەبێژی دەستەی کارگێری حیزب لە کوردستان و ئەویتریان لە دەرەوەی کوردستان و بۆ کاروبارەکانی نوێنەرایەتی و ڕێکخستنەکانی دەرەوەی وڵاتە.

**مادەی هەشتەم: پلینۆم**

کۆبوونەوەی گشتی و بەرینی کۆمیتەی ناوەندی (پلێنۆم)، لانیکەم هەر ٦ مانگ جارێک بە بانگهێشتی سکرتێری گ شتی بەرێوەدەچێت، دەستەی کارگێڕی و نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەتوانن بانگەوازی پلینۆمی ئائاسایی بکەن. بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، جێگرەکان و راوێژکاران لەپلینۆمدا پێویستە.

**مادەی نۆیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی پلێنۆم**

1. لەنێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، دەستەی کارگێڕیی هەڵدەبژێرێت.
2. پێداچوونەوە و تاوتوێی هێڵە سیاسییەکان و کارکردی شەش مانگەی کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانە ناوەندییەکان دەکات
3. راپۆرتی بەشی دارایی و سیاسەتە داراییەکانی حیزب تاوتوێ دەکات.

**٤.** پێداچوونە، شیکاری و راڤەی کارکرد کۆی حیزب و کیشەو گرفتەکانی دەکات.
**٥.** دەربارەی راپۆرتی کۆمیسیۆنی چاودێر بەسەر کارکردەکانی حیزب، سەبارەت بە سکالاکان و سزا حیزبییەکان دەنگی کۆتایی دەدات.
**٦.** لە سیاسەتە داراییەکان و بودجەبەندی دووبارە بۆ حیزب خاوەنی دەسەڵاتە.
7. رێکخستنەوەی ئۆرگانە ستادییەکانی حیزب و رێکخستنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات.

**مادەی دەیەم: دەستەی کارگێڕی**

پلینۆم دەستەی کارگێڕی هەڵدەبژێرێت کە بەرپرسی جێبەجێکردن و بەرەوپێشبردنی بڕیارەکان و پەسەندکراوەکانی پلینۆم تا پلینۆمی داهاتووە.

**مادەی یانزەیەم: ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێڕی**

1. دەستەی کارگێڕی لەنێوان دوو کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، رێبەرایەتی سیاسیو پراکتیکی تەشکیلات بەئەستۆ دەگرێت.
2. بەرپرسی جێبەجێکردن و بەرەوپێشبردنی پەسەندکراوەکانو بڕیارەکانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییەو راپۆرتی کاری خۆی کۆمسیۆنەکانی ناوەندی پێشکەش بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی (پلینۆم) دەکات.
3. دەستەی کارگێڕی لەنێوان دوو پلینۆم یان کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیدا، لەچوارچێوەی رێساو پەسەندکراوەکان و

ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە پلێنۆم پێی سپاردوە، بەسەر ئۆرگانە ناوەندییەکانو کارکردی کۆی حیزب چاودێری تەواوی دەبێت.

**مادەی دوانزیەم: کۆمیسیۆنەکانی ناوەندیی:**

کۆمیتەی ناوەندی لەپلینۆمی خۆی لەنێوان ئەندامانو جێگرەکانو راوێژکاران، ئەندامانی کۆمسیۆنەکانی ناوەندی دیاری دەکات، کە هەر کۆمیسیۆنی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر بنەمای پێویستی لە 3 تا ٥ کەس پێکدێت.

**تێبینی:**

1. لەئەگەری پێویستی بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی ئەرکە حیزبییەکانو لەهەمانکاتدا بۆ بارهێنانی کادر، دەکرێت بەرپرسانی کۆمیتە و رێکخراوەکان لەئۆرگانو شوێنە جیاجیاکانی حیزب لە کۆمسیۆنەکانی کۆمیتەی ناوەندی هەروەک ئەندامو یاریدەدەر رێکبخرێن.
2. بەرپرسی ئەم کۆمیسیۆنانە ئەندامی دەستەی کارگێری حیزب دەبن.
3. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیارە لەوەی ئەرکەو دەسەڵاتی کۆمسیۆنەکانی ناوەندیی تۆمارو دیاری بکات.

**مادەی سیانزیەم: ئەرکو دەسەڵاتی کۆمیسیۆنەکان**

1. رێکخستنو رێنوێنی ئۆرگانی ژێر بەرپرسیارێتی، لەچوارچێوەی ئەرکە حیزبییەکانی ئەم کۆمسیۆنە.
2. بەشداری بەردەوامی بەرپرسی کۆمسیۆن لەکۆبوونەوەکانی دەستەی کارگێڕی.

3. راپۆرتو ئاگادارکردنەوەی بەردەوامی بەشێوەی نوسراو بە دەستەی کارگێڕی.
۴. لەبەرامبەر دەستەی کارگێڕیو پلینۆم وەڵامدەرەوە بێت.
۵. کۆمیسیۆنەکان مافی هەڵبژاردنی یاریدەدەرانی خۆیان هەیە.
۶. کۆمیسیۆنەکان چاودێریی بودجەی ئۆرگانیی خۆیان دەکەن.
7. کۆمسیۆنەکان لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب، مافی هاندانو سزادانی ئەندامانی ژێر بەرپرسیارێتی خۆیان هەیە.
8. کۆمیسیۆنەکانی کۆمیتەی ناوەندی لەئیمکاناتی ئەمنیەتیو پاراستنو گواستنەوەو ماموریتە حیزبییەکان بەشێوەی یەکسان سود وەردەگرن.
9. کۆمیسیۆنەکان لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبدا سەربەخۆن لەڕێکخستنی، ئۆرگانو فۆنۆکسیۆنگەلی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی کارو ئەرکە ئۆرگانییەکانی خۆیان (بەمەرجێک لەگەڵ ڕێساکانی کۆمیتەی ناوەندیو پەیڕەوی ناوخۆ ناتەبا نەبێت) لەو شوێنو جێگانەی کە پێویستو زەروری بێت ڕێکبخەن.

**مادەی چواردەیەم: کۆمیسیۆنەکانی ناوەندیی:**

1. کۆمیسیۆنی ماڵیو دارایی
2. کۆمیسیۆنی ئەندامێتیو ڕێکخستن
3. کۆمیسیۆنی راهێنان
۴. کۆمیسیۆنی پشکنینو چاودێریی
۵. کۆمیسیۆنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان
۶. کۆمیسیۆنی راگەیاندنو تەلەفزیۆن
7. کۆمیسیۆنی زاگرۆس

**مادەی پانزەیەم: ئۆرگانە تایبەتو ستادییەکان:**

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەئەگەری پێویست، سەربەخۆیە لەوەی کە ئۆرگانی تایبەتو ستادی بە مەبەستی بەهێزکردنو بەرەوپێشبردنی کاری حیزبی ڕێکبخاتو ڕێساکانی کارکردنیان دەبێت لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب بێت.

**مادەی شانزەیەم: دەبیرخانە (سکرتاریەت):**

یەکێک لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیارێتی ئەم ئۆرگانە بەئەستۆ دەگرێت.

**مادەی حەڤدەیەم: ئەرکو دەسەڵاتەکانی دەبیرخانە:**

1. کۆکردنەوەو ڕێکخستنی بەڵگەنامە حیزبییەکان وەک: پەسەندکراوەکانی کۆنگرەکان، پلینۆمو کۆنفرانس، کۆنوسەکانو پرۆتۆکۆلە حیزبییەکان.
2. کۆکردنەوەی ئامارو ژمارەی ئەندامانی حیزب.
3. کۆکردنەوەی ئامارو ژمارەیە کەمئەندامانی حیزب، قوربانیانی حیزب لەتەواوی بوارەکانی خەبات، وەک شەڕ، زیندانو .. هتد.
٤. کۆکردنەوەی وێنەی فیلمە دیکۆمێنتارییەکان سەبارەت بە قوربانیانی کۆمەڵەو بزوتنەوە رزگاریخوازانەی کوردستان. لەم بابەتەدا تەواوی بەشەکانی تەشکیلات بەرپرسیارن کە وێنەیەک لە ئارشیوی بەڵگەنامەکانی خۆیان بە دەبیرخانە بدەن.
٥. ڕێکخستنی میکانیزمو ئۆرگانە پێویستەکان سەبارەت بەو ئەرکانەی لەسەرەوە باسکران.

# بەشی شەشەم: ئەندامەتی

**مادەی یەکەم: مەرجەکانی ئەندامەتی**

ئەندامی کۆمەڵە ئەو کەسەیە کە:

1: بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی قبوول بێت و پەیڕەوی لێبکات.

2: لە یەکێک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا کار بکات.

3: بەشێوەی ڕێکوپێک و مانگانە حەقی ئەندامەتی بە حیزب بدات.

**تێبینی:**

بەئەندام بوون لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان، مەدەنیو پیشەییەکان بەو مەرجەی کە ئاییننامەکانو پەیرەوی ناخۆی ئەو ئۆرگانو ڕێکخراوانە دژایەتیو ناتەبایی بنەڕەتییان لەگەڵ بەهاو بنەما سەرەکییەکانو پرۆگرامو هێڵی سیاسی حیزبدا نەبێت، هەروەها بە بنەماکانی دیموکراسی، دیالۆگو گفتوگۆی ئاشکراو دوور لەگوشارو توندوتیژی پابەند بێت، لەڕوانەگەی ئێمەوە کێشەی نیە.

**مادەی دووەم: وەرگرتنی ئەندام**

هەر کەسێکی خوازیاری ئەندامەتی، جیا لەو مەرجانەی سەرەوە، کاتێک وەک ئەندام وەردەگیرێت کە:

1: دوو ئەندام پێشنیاری بکەن کە پێشینەی ئەندامەتیەکەیان لە 2 ساڵ کەمتر نەبێت، سەلاحیەتی ئەو لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتی بە کۆمیسیۆنی ئەندامیەت پێشنیار بکەن.

2: کۆمیتەیەکی رێکخستن ئەندامیەتی داواکار پشتڕاست بکاتەوەو ئامادەی ئەوە بێت وەک ئەندام وەریبگرێت.
3: کۆمیسیۆنی ئەندامیەت دۆسیەی کەسی خوازیار لەچوارچێوەی بۆچوونی دوو ئەندامی تەشکیلاتی و پشتڕاستکردنەوەی یەکێک لە کۆمیتە حیزبییەکان تاوتوێ و کومیتەی حیزبی و کەسی داواکار لە بڕیاری کۆتایی خۆی ئاگادار دەکاتەوە.

**مادەی سێیەم: ئەرکەکانی ئەندامی کۆمەڵە**

1: پەیڕەوی لە پێڕەوی ناوخۆ و پرەنسیپ و بڕیارەکانی کۆمەڵە بکات و دیسیپلینی حیزبی بپارێزێت.
2: لە کاروبارو چالاکییەکانی حیزبدا گرفت و خەسار دروست نەکات. لە پاراستنی نهێنیەکان و دۆکیۆمێنت و دارایی و سامانی حیزبدا تێبکۆشێت و بە دڵسۆزی تەواوەوە هەوڵ بۆ بەهێزکردن و پاراستنی و پتەوکردنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی حیزب بدات.
3: لەئاشکراکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە بە هۆی پاراستنی کەسایەتی و ئابڕوی تاکەکان مۆری نهێنی لێدراوە، خۆی بەدوور بگرێت.
۴: شێلگیرانە خەبات بۆ رزگاریی خەڵکی کوردستان و چین و توێژە ستەملێکراوەکان بکات و پەیوەندیی و هاوپشتیی کۆمەڵە لەگەڵ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش پەرە پێبدات و پتەوی بکات.
۵: بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاریی سیاسیی خۆی لە ناو ریزەکاندا و لە شوێنی کار و تێکۆشانی هەوڵ بدات.
۶: راپۆرتی چالاکیک خۆی بە وردی بە حیزب بداتەوە.
7: لە بەرامبەر هەڵە و کەموکورتیەکانی خۆی و ئەوانی دیکەدا بە

هەستی بەرپرسایەتیی شۆڕشگێڕانە و بە مەبەستی بارهێنان و پەروەردە کردن و نەهێشتنی کەموکورتیەکان، لە پێناو راست کردنەوە و قەرەبوو کردنەوەیدا هەوڵ بدات، رەخنە و رەخنە لەخۆ وەکۆ چەکێک دژی هەلە و کەم وکوریەکانی خۆی و هاوڕێیانی بەکار بێنێت.

**مادەی چوارەم: مافەکانی ئەندام**

1. بەشداری لەکۆبوونەوەو چالاکییەکانی حیزب بە پێی پێگەی خۆی.
2. بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەندامان، مافی دەنگدان لەهەڵبژاردنەکان، کۆنگرە و هەڵبژاردنە گشتییەکان.
3. وەرگرتنی زانیاریی سەبارەت بە هەڵوێست و کاروباری سیاسی حیزب.
۴. پێشنیاردان لە کۆبوونەوە حیزبییەکان.
۵. ناردنی پێشنیار بۆ کۆنگرەو کۆبوونەوە حیزبییەکان.

**مادەی پێنجەم: دانەوەی ئەندامەتی**

پەیوەست بوون بە ریزەکانی کۆمەڵە و ئەندامەتی تێیدا دڵخوازە و بەپێی هەست کردن بە پێویستیەکانی خەبات و بڕیاری وشیارانەی تاکەکان و بۆ خزمەت بە ئامانجی خەباتکارانە و سیاسی ئەم حیزبەیە. دەست کێشانەوە لە ئەندامیەتیش کارێکی ئازادانەیە و هەر ئەندامێکی کۆمەڵە دەتوانێت بە خواستی خۆی دەست لە ئەندامەتی بکێشێتەوە.
ئەندامی خوازیاری دەست کێشانەوە دەبێت ئەم خواستە بە رەسمی بە کۆمیتەی سەرەوەی خۆی رابگەیەنێت و پێویستە هەموو بەرپرسایەتیە رێکخراوەییەکانی و هەروەها دارایی و بەڵگەنامەکانی حیزب کە لە لایەتی، بداتەوە بە حیزب و تەسویە حیساب بکات. کۆمیتەی سەرەوە،

قبووڵ کردنی دەست کێشانەوەکەی بە رەسمی پێ رادەگەیەنێت.

**مادەی شەشەم: ئەندامەتیی گرووپ و دەستەکان لە کۆمەڵەدا**

1: ئەگەرچی ئەندامەتی وەک بنەما، کارێکی تاکە کەسیە، بەڵام لە دۆخی سیاسیی تایبەتدا دەکرێ گرووپ و دەستەش بە تێکڕا ببنە ئەندامی کۆمەڵە.

2: وەرگرتنی ئەو گرووپانە و رێکخستنی چۆنیەتیی پەیوەندیی کۆمەڵە لەگەڵیان، لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ناوەندیدایە.

# بەشی حەوتەم: لێپرسینەوە و سزا حیزبییەکان

**مادەی یەکەم: دیسیپلینی حیزبی**

پابەند بوون بە دیسیپلینی پتەوی حیزبی لە پێویستیەکانی مانەوە و پێشڕەوی و سەرکەوتن هەر رێکخراوێکە. سەرنجنەدان و کەمکاریی و مەمتەرخەمی لەم بوارەدا خەسارێکی قەرەبوونەکراو بەبار دێنێت، هەر بۆیە لە کاتی کەمتەرخەمیی ئەندامان لە بەڕێوە بردنی ئەرکەکان و یان پێشێل کردنی یاساکانی حیزب، بەرەچاوکردنی جۆری خەتاکان لەگەڵ سزادا بەرەوڕوو دەبنەوە، بەتایبەت لەبواری مەسەلە ئەمنیەتی و سەربازییەکان، بەڵگەنامەو سامانی حیزب، رێکخستنی نهێنی شارو گوند، هێزی پێشمەرگەو ئۆردوگاکان و باقی شوێنەکانی حیزب وردەکاریی و کۆنترۆڵێکی باڵای هەیە.

**مادەی دووەم: چۆنیەتیی بەڕێوەبردن و داوای پێداچوونەوە بەسەر**

**بڕیاری سزاداندا**

1: ڕەچاو کردنی بڕیاری سزا بۆ ئەندامان، لە دەسەڵاتی کۆمیتەی ئەو ڕێکخستنەیە کە ئەندامەکە تێیدا کار دەکات.

2. ئەندامی سزادراو مافی ئەوەی هەیە لە کۆمیتەی سەرووتر تا کۆمیتەی ناوەندیی سکاڵا بکات و داوای پێداچوونەوە بکات. هەروەها دەتوانێت سەردانی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو چاودێریی بەسەر کارکردی حیزب بکات و داوای پێداچوونەوە بکات.

3. ئەندامی سزادراو یان دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە کۆبوونەوەیەکدا بە مەبەستی تاوتوێ کردنی مەسەلەکەی، بەشداری بکات و داکۆکی لە خۆی بکات. باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە دەبێ تۆمار بکرێت.

۴. ئەگەر ئەندامێک لەحیزب لەهەوڵی پروپاگەندەی نەگەتیڤ و ئاگاهانە و سیستماتیک بێت کە بە شێوەی ئاشکرا دژی بنەما فیکرییەکانی باسکراو لەناو پەیڕەوی ناوخۆو بەرنامەی حیزب بێت، یان زیان بە کارو چالاکی و ئامانجەکانی حیزب بگەیەنێت، لەحاڵەتی وادا ئەندامێتی ئەو دەچێتە ژێر پرسیارەوەو پێویستە لەمبارەوە لێکۆڵینەوە و چارەسەری پێویست بکرێت.

۵. کەسی دەرکراو لەحیزب، دەتوانێت دووبارە داوای ئەندامێتی بکات، تا لەلایەن کۆمیتەکانی حیزب و کۆمیسیۆنی ئەندامیەتەوە تاووتوێ دەکرێت، بەڵام قبوڵی ئەندامیەتی دووبارەی کەسی دەرکراو پێویستی بە دەنگی سێ لەسەر چواری ئەندامانی کۆمیتەی تەشکیلاتی شوێنی کارو چالاکی کەسی داواکراو هەیە.

**مادەی سێیەم: سزای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی**

1. سەرکۆنەی نوسراوو ڕەسمی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە

دەسەڵاتی سکرتێر دایە. سکرتێر دەتوانێت داوای سزادان یان گۆڕینی بەرپرسیارێتی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی پێشنیار بکات و دەستەی کارگێڕیی مافی ئەوەی هەیە لەمبارەوە بڕیار بدات و بۆ ماوەی سێ مانگ بەرپرسیارێتی لەو ئەندامە وەربگرێتەوە. هەڵپەساردنی ئەندامیەتی لە کۆمیتەی ناوەندی و سەندنەوەی بەرپرسیارێتی زیاتر لە سێ مانگ بە پێشنیاری دەستەی کارگێڕی و پەسەندکردنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دەبێت.

2: هەڵپەساردنی ئەندامەتیی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لەئەندامەتی لە دەسەڵاتی کۆنفرانسێکی پێکهاتوو لە ئەندامان و جێگرەکانی کۆمیتە ناوەندی و نوێنەرانی ڕێکخستنەکان، تا ئاستی ڕێکخستنی شارستانە. ڕێژەی پێویست بۆ بڕیاردان لەمبارەیەوە 2 لەسەر 3ی دەنگەکانە.

3: دەرکردنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆمەڵە تەنها لە دەسەڵاتی کۆنگرە دایە.

**مادەی چوارەم:** باسی ڕێساکانی پلەبەندی کادرەکانو هەروەها یاساکانی هەڵبژاردنە جیاجیاکانی حیزبی لە ئاییننامەیەکی جیا وەک پەیوەستی پەیڕەوی ناوخۆ تۆمارو ئامادە دەکرێت. کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیارە لە ئامادەکردنی ئەم ئاییننامەیەدا.

**مادەی پێنجەم:** تەواوی گۆڕانکارییەکان لە ئەساسنامەو ئاییننامەکانی حیزبو باقی ئەو بابەتانەی لەکۆنگرە پەسەندکراون، دەبێت لەزووترین کاتدا هەوڵی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان بدرێت. مەگەر لەو بابەتانەی کۆنگرە دوای خستووە.

**مادەی شەشەم:** تەواوی کۆبوونەوەکانی حیزب دەبێت بە ئاجێندا و ڕۆژەڤ دەستپێبکات و بە کۆنووسی باس و دیالۆگ کۆتایی پێ بێت. کۆنووس دەبێت بە نەزمێکی دیموکراتیک بنوسرێت. و نوسەری کۆنووس و سەرۆکی کۆبوونەوە دەبێت واژۆی بکەن.

**مادەی حەوتەم: هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە:**
هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە یەکێک لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیە کە بەهۆی تایبەتمەندی بزوتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانە لەکوردستانو پێویستی بوونی هێزی چەکدا بۆ پاراستنو بەرگریی لە دەسکەوتەکانی ئەم بزوتنەوەی پێکهاتووە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ڕێکخراوی چەکداری کۆمەڵە کە وەک باقی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بنەما حیزبییەکانی ناو پەیڕەوی ناوخۆ دەکاتە بنەمای کارو چالاکییەکانی خۆی. هەروەها ئاییننامەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە پەیوەستی ئەساسنامەیە دەبێتە بنەمای کارو چالاکی ئەم هێزە.

**تێبینی:**
هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەلایەن ناوەندێکی سەربازیی فەرماندەیی دەکرێت کە لەژێر چاودێری کۆمیتەی ناوەندییو دەستی کارگێڕی دایە. لەبارودۆخی ئێستا یەکێک لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسی ئەم ڕێکخستنەیە کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دەستنیشانکراوەو وەک باقی ئۆرگانەکانی ناوەندیی کۆمەڵە، دەستەی کارگێری حیزب بەرپرسیاریەتی.

**مادەی هەشتەم:** ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوانو خوێندکارانی کۆمەڵە، ڕێکخراوەکانی گرێدراو بە حیزبن کە لەهەمانکاتدا لەبواری کاری خۆیاندا سەربەخۆن، بەڵام چالاکییەکانیان نابێت لەگەڵ بنەما فکرییەکانی کۆمەڵە ناتەبا بێت. ئەم ڕێکخراوانە بە بەشی خۆیان لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا دەبێت نوێنەرایەتییان هەبێت.

(2)

# بەرنامەی سیاسی

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پەسەنکراوی کۆنگرەی سیانزەی کۆمەڵە

خەزەڵوەری 1391 - ئۆکتۆبری 2012

# بەرنامەی سیاسی کۆمەڵە
# پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٣

**بەشی یەکەم:**
**بنەما و تەوەرە سەرەکییەکانی ڕێباز و سیاسەتەکانی کۆمەڵە**

١. کۆمەڵە و سۆسیالیزم
* سوسیالیزمی فرە چەشن

٢. کۆمەڵە و پرسی نەتەوەیی کورد
* سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە پارچەکانی کوردستان
* کۆمەڵە و حیزبە کوردستانییەکان
* سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران

٣. کۆمەڵە و مەسەلەی فیدرالیزم
* شێوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا

٤. کۆمەڵە و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییەکانی دیکە
* سیاسەتی ئێمە لە ئاست خەباتی کرێکاریی لە کوردستان
*کۆمەڵە و بزووتنەوەی ژنان

٥. سیاسەتی ئێمە لەگۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا
* بزووتنەوەی کرێکاریی

**بەشی دووهەم: کۆمەڵە ومەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکان**

**١**. بەها و بنەماکانی سیستمی دیموکراتیک
**٢**. بەیانییەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ
**٣**. سەبارەت بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی
**٤**. کۆمەڵە و ئایین
**٥**. ئێعتیاد و ماددەسڕکەرەکان
**٦**. دژایەتی چەکی کۆمەڵکوژ
**٧**. مافی منداڵان، منداڵان و کێشەی منداڵانی سەرشەقام
**٨**. سیستمی فێرکردن و بارهێنان بە خۆڕایی، بۆ هەمووان
**٩**. کێشەی بە ساڵا چووان
**١٠**. پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدام
**١١**. دژایەتی سزادانی جەستەیی بە هەموو شێوەکانی
**١٢**. سەرچاوە سرووشتییەکان، ژینگە و ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان

## بنەما و تەوەرە سەرەکییەکانی ڕێباز و سیاسەتەکانی کۆمەڵە

ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئابووریی لە چەند دەیەی ڕابردوودا، گۆڕانکاریی بەرچاوی لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا پێکهێناوە. کۆمەڵە کە بە تایبەت لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کاریگەریی لەسەر بواری کولتوریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ژیانی خەلک لە کوردستاندا هەبووە، سەرەڕای ئەوەی لەباری تەشکیلاتیی و سیاسییەوە زۆرجار گەشەی کردووە و زۆرجاریش تووشی کەندوکۆسپ بووە. بەڵام بەردەوام لە لایەک داکۆکیکاری مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و، بەکردەوە بەشێک بووە لە خەبات بۆ رزگاری خەڵکی کردستان لە ستەمی نەتەوایەتیی. لە لایەکی دیکەوە خەباتکاری شێلگیری دژ بە چەوسانەوەو ڕێگای ڕزگاریی ستەملێکراوان و چینە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا و، پەرەپێدەری فەرهەنگی پێشکەوتوو و عەداڵەتخوازانە بووە. ئاڵوگۆڕە سیاسیی و ئابوورییەکان و قووڵتربوونەوەی کەلێنی چینایەتیی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستان، لە هەموو کاتێک زۆرتر حوزووری چەپێکی دێمۆکرات و سۆسیالیست بۆ رزگاریی خەڵکی کوردستان لە دەست ستەمی نەتەوەیی و بەرکەماڵکردنی دادوەریی کۆمەڵایەتیی و خۆشگوزەرانیی ئابووریی بۆ چینە زوڵملێکراوەکانی، کردووەتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. کوردستان لە کۆمەڵگایەکی ساکار و سوننەتییەوە، بەرەو کۆمەڵگایەکی لێکئاڵاوتر، رێکخراوتر و مۆدێرنتر هەنگاوی ناوە و دەینێت. ئەوڕۆ بەشێکی بەرچاوی رووناکبیران و چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی، پێداگرن بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان و خەڵکەکەیان

لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیاندا ببیننەوە تا بە گشتیی بتواندرێ رەوتی دێمۆکراسی و مافخوازیی لە کۆمەڵگایەدا هێزی زۆرتر بگرێ. بەو پێیە ئەورۆ لە کوردستاندا بەستێنێکی بەرینتر لە پێشوو، بۆ گەشەی بیری دێمۆکراسیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، دەبیندرێ. ئەم راستیانە بنەما و بەستێنی گەورەن بۆ گەشەی بیری سۆسیالیسمێکی دێمۆکراتیک و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵگا لە هەر بۆچوونێکی پاوانخوازانە و دوور لە دێمۆکراسی.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات جوگرافیایەکی بەرینتری لەخۆ گرتووە. ئەم جووڵانەوەیە وەها تێکەڵ بە ژیان و ئاواتەکانی خەڵک بووە کە چارەسەری یەکجاریی و دیموکراتیکی مەسەلەی کورد و، ڕزگاریی ئەم نەتەوەیە لە ستەم، هەڵاواردن، دیکتاتۆریی و کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ، کردۆتە ئامانجێکی تاکتیکی و ستراتیژیک بۆ هەر ڕەوتێکی چەپ و سۆسیالیستیی کوردستانی. خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی ئەم نەتەوەیە لەگەڵ باقی نەتەوە ئازادەکانی جیهان، بە بەشێک لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و یەکسانیخوازانەی کۆمەڵە دادەندرێت.

کۆمەڵە بە  پشتبەستن بە مێژووی پرشنگداری خۆی، بە تایبەتی کردەوە جەماوەرییەکانی سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ساڵەکانی دوای دەسپێکردنی خەباتی ئاشکرای لە ڕێبەندانی ساڵی **١٣٥٧**ی هەتاوییدا، کە کۆمەڵەی بردە ناو قوڵایی هەڵچوونی سیاسی و جەماوەرییەوە، توانی کولتور و ئاواتی نوێخوازیی لە رەوتێکی نوێی کۆمەڵایەتییدا رێک بخات و ئەو رێکخراوە بکاتە نوێنەری ئەم دەورەیەی وەها رەوتێک لە کوردستاندا. ئێستاش، سەرەڕای هەڵە

سیاسییەکانی ساڵەکانی دواتری، کۆمەڵە دەتوانێ بە نوێکردنەوەی خەتی سیاسیی و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و سیاسیەکانیی ناو کۆمەڵگا و بە ڕەخنەی گونجاو و شەفاف لە هەڵەکانی ڕابردووی، ببێتەوە جێگای هیوای جەماوەری بەرینی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان و لە هەلێکی مێژوویی دیکەدا خەباتی ئەم نەتەوەیە بۆ دەستبەرکردنی مافە ئابووری و سیاسییەکانی ڕێک بخات و ڕێبەرایەتی بکات. بارودۆخی ڕوولەگۆڕانی ئەمڕۆکە، ئەو ڕاستییە بۆ کۆمەڵە وەک بەشێکی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان دووپات دەکاتەوە کە، پێویستە ڕووانگە سیاسییەکانی ڕاشکاوانە باس بکات و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم بیگونجێنێت.

کۆمەڵە وێڕای ئەوە خۆی بە خەباتکاری رزگاریی و مافی دیاریکردنی چارەنووس تا پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی گەلی کورد دەزانێ، لە هەمان کاتدا لە کۆمەڵگای کوردستاندا خۆی بە حیزبی کرێکاران و زەحمەتکێشان پێناسە دەکات و بۆ نەمانی ستەم و چەوسانەوەی چینە داراکان بەسەر چینە چەوساوەکاندا تێدەکۆشێ. ئێمە بۆ ئەو مەبەستە پێداگریی لەسەر جێگیرکردنی سیستەمی دێمۆکراسی و پەرەدان بە یاساورێسا و دامەزراوە دێمۆکراتیک و مەدەنییە ناسراوەکانی ئەوڕۆی گەلانی جیهان، دەکەین. بۆیە ئێمە بڕووای تەواومان بە لێکجیانەکراوەیی و تەبایی سۆسیالیسم و دێمۆکراسی هەیە و، بیرو ئەندێسەی کارل مارکس بە گشتیی و، ئەزموونی جیهانی سۆسیالدیمۆکراسیی بە دوو سەرچاوەی سەرەکیی رووانگەی بەرنامەیی خۆمان دەزانین و پێیان پابەندین. لە نەزەر ئێمەوە رەوتی سۆسیالدێمۆکراسی توانیویەتی لە کردەوەدا سەرکەوتنی بەرچاو بۆ بزووتنەوەی جیهانیی کرێکاری

دەستەبەر بکات و، وەک رەوتێکی رێگاخۆشکەر بۆ هەنگاونان بەرەو دونیای بێ چەوسانەوە، لە باری رێفۆرمی ئابوورییەوە پێشوەچوونی گەورە پێکبێنێ. ئەو ڕیفۆرمە ئابوورییانە کاریگەریی گەورەیان لە سەر یەکسانیی و بەرابەریی کۆمەڵایەتیی و  و لایەنەکانی دیکەی ژیان هەیە. بە بڕووای ئێمە لە هەلومەرجی ئەوڕۆی جیهانیدا و لە کوردستانی ئەوڕۆدا گەیشتن بە ئابوورییەک بۆ دامەزراندنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و لە پێناو پڕکردنەوەی کەلەبەری چینایەتی، بە پڕۆسەیەکی رێفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا تێپەڕ دەبێ کە تێیدا لە باری سیاسیەوە، سیستەمی پلۆڕالیزمی سیاسی کارامەیی پڕاوپڕی هەیە و بۆ چەسپاندنی پێویستە حەولی تەواو بدرێت.

## ١. کۆمەڵە و بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستیی

کۆمەڵە سۆسیالیزم بە پرۆژەیەکی شەخسی و حیزبی دانانێت کە تاکەکەس یان حیزبێکی پێشڕەو بێن و لە رێگای کودەتای سەربازییەوە مۆری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگا بدەن، بەڵکوو سۆسیالیزم بە پرۆژەیەکی کۆمەڵگایی و مرۆڤی دادەنێت کە زۆرترینی کۆمەڵانی خەڵک لە خۆشکردنی بەستێن و لە فەراهەمکردنی هەلومەرج، بۆی وەگەڕ دەکەون و تێیدا پەروەردە دەبن و بە شێوەی دێمۆکراتیک و بە وشیاریی و زانستەوە رادەکێشرێنە ناو پرۆژەکەوە. لەبەرئەوە بەرنامەی کۆمەڵە بەرنامەیەکە لەسەر بنەمای تەبایی سۆسیالیزم و دیموکراسیی، واتە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە بڕوای بە ئەزموونی سۆسیالدێمۆکراسی هەیە و پێیوایە پرۆسەی سۆسیالیسم و دێمۆکراسی ناکرێت لە یەک جیا بکرێنەوە. ئامانجی کۆتایی ئێمە، بەشداری لە بەرقەرارکردنی سوسیالیزمێکە لەسەر ئەساسی

دیموکراسیی، دادپەروەریی و لێوانلێو لە هاوپەیمانی و پێکەوژیان و برایەتی لەنێوان ئینسانەکان و بە بێ چەوسانەوە و پێکهێنانی ریفاه لە ژیانیاندا. هاوسەنگی هێز و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و، هەروەها راستییەکانی گەشەی ئابووری نیشانی دەدات کە کوردستانی ئێران لە سەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی سوسیالیستی، یان رزگاربوون لە چنگی تەواوی ئاسەوارە نێگاتیڤەکانی سەرمایەداریدا نییە. ئێمە بە جەختکردنەوە لەسەر ئیسلاحاتی قووڵی ئابووریی و سیاسیی لە قازانجی چینە بندەستەکان، بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و بەرابەری کۆمەلایەتی، تێدەکۆشین. لە ڕووانگەی ئێمەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە بارودۆخی ئێستادا نەک تەنیا لە سەروبەندی پێکهێنانی ئاڵترناتیڤ و دەسەلاتێکی سۆسیالیستیدا نییە، بەڵکوو سەرکوتکاریی دەیان ساڵە و رێگرتن لە بەرەوپێشچوونی پرۆژە گەورە ئابوورییەکان و تالانی سەرمایەی سرووشتی و کانگاکانی کوردستان، ئەم کۆمەڵگایەی لە رووی ئابورییەوە  لە قۆناغێکی وەپاشکەوتوو راگرتووە. بە واتایەکی دیکە، هەڵوەشاندنەوەی مالکییەت، رکابەری و بە گشتی ئابووریی سەرمایەداریی، ناتوانێت لە دەستوری کاری ئەمڕۆکە و خێرای ئێمەدا بێت. لە بارودۆخی ئێستادا ئێمە دەتوانین و پێویستە کە لەسەر ئیسلاح و ریفۆڕمی قوڵی ئابووری سوور بین و جەخت لەسەر پێشکەوتنی ئابووری و موناسەباتی بەرهەمهێنانێکی دادپەروەرانەی لە قازانجی چینی چەوساوە بکەین.

ئێمە خۆمان بە دۆست و هاوپەیمانی رەوتە چەپ و سوسیالیستی و عەداڵەتخوازەکانی باقی نەتەوەکانی ئێران و جیهان دەزانین. کۆمەڵە لە هەر بزووتنەوەیەکی حەقخوازانە لە جیهان بۆ گەیشتن بە مافی خۆی پشتیوانی دەکات و بە دوای ئەوەوەیە کە لەگەڵ ئەم بزووتنەوانەدا

پێوەندی بگرێت و لە ئەزمونەکانیان بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی کوردستان لە ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی سود وەرگرێت. هاوئاهەنگیی، دۆستایەتیی و هاوکاریی لەگەڵ باقی جەرەیاناتی چەپ، سۆسیالیست، دیموکرات و ئازادیخواز لە باقی بەشەکانی تری کوردستان بە ئەرکی خۆمان دەزانین. هەروەها تەواوی هێزە پێشەکەوتوو و سوسیالیست و دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە هاوپەیمانی خۆمان دەبینین و لە خەباتی ئەوان بۆ پێکهێنانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیی پشتیوانی دەکەین. ئێمە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی چەپ لە کوردستاندا تێدەکۆشین و پێمانوایە ئەوە پێداویتسییەکی هەنووکەییە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. کۆکردنەوەی هێزی چەپ و سۆسیالیست و بەهێزکردنی بزووتنەوەی سۆسیالیستیی لە سەر بناخەی پلورالیزم و پارلەمێنتاریزم بۆ ئێمە ئەرک و بەرپرسایەتیەکی مێژووییە و هەر ئێستا کاری بۆ دەکەین و دەمانەوێت بیگەیەنینە ئامانج.

## سوسیالیزمی فرە چەشن

جیاوازیی ڕووانگە نەزەری و فیکرییەکان، لە نێوان لقە سوسیالیستییە جیاکاندا راستییەکە حاشاهەڵنەگر.تەنیا پلۆمیک و دیالۆگی بنیاتنەر دەتوانێت ئەدەبیاتی سوسیالیستیی دەوڵەمەند بکات و لە خەباتی عەینی و کۆمەڵایەتی نزیکی بکاتەوە.

ئەوەی کە ڕەوتێک نوێنەرایەتی هەموو چەپ بکات، هی ڕابردووە. بەخشینی میداڵیای چەپ بە خۆ و تۆمەتبارکردنی ئەوانیتر بە دژایەتی لەگەڵ "کرێکار و کۆمۆنیزم" بێجگە لە پەرتەوازەبوونی سەرمایەی ئینسانی ئەو بزووتنەوەیە و بێجگە لە هەڵگیرسانی دوژمنایەتی و پەراوێزکەوتنی کۆمەڵایەتی ڕەوتی چەپ لە کوردستاندا، هیچ

دەرەنجامێکی تری نەبووە و نابێ.
ئێمە بڕوامان بە پلۆرالیزمی سوسیالیستیی و هاوکاری لە نێوان لقە جیاجیاکانی چەپ و سوسیالیزم لە کوردستاندا هەیە. پێویستە کە دیالۆگێکی جیاواز لە ڕابردوو، لە نێوان ڕەوتگەلێک کە بانگەشەی چەپ و سوسیالیزم دەکەن، بەرقەرار بێت. گەشە فیکری و نەزەری و پتەوبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی چەپ لە کوردستان، تەنیا لە ڕێگەی هەوڵی هاوبەش و دیالۆگی بنیاتنەر مومکین دەبێت.

## ٢. کۆمەڵە و پرسی نەتەوەیی گەلی کورد

کوردستان لە سەدەکانی پێشووەوە و بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمی زایینیەوە بۆتە مەیدانی ململانێ و شەڕی ئیمپراتوری سەفەوی و عوسمانی و بە دەیان جار کەرامەت و سەروماڵی ئەم خەڵکە پێشێل کراوە. لە چەرخی نوێدا، خەبات بۆ ڕزگاریی لە بندەستی نەتەوەیی و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە هەموو کوردستان، بە درێژایی هەموو سەدەی بیستەم تا ئێستا بەردەوام درێژەی هەبووە. ئەم خەباتە لە ئێران، عێراق، تورکییە و سورییە، خاوەن وزەیەکی بەرچاوی دیموکراتیک، سێکۆلار، پلورال و جەماوەرییە. کوردستان لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم تا دروستبوونی دەوڵەتی سورییە، لە پێناو بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەداری بە ڕەسمی لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتە داگیرکەرەدا دابەشکرا و بوو بە قوربانیی سات و سەودایەکی ئەمپریالیستی. بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە ڕاستیدا یەک مەسەلەیە و یەک ریشەی هەیە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان مافی دیاریکردنی چارەنووس تا دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وەک

سەرجەم دەوڵەتانی سەربەخۆی نەتەوە ئازادەکانی جیهان، بە مافی دیموکراتیک و حاشاهەڵنەگری خەڵکی کورد دەزانێ و شێلگیرانە خەباتی بۆ دەکات. کۆمەڵە پشتیوانی دەکات لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کورد تا پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی میللی لەو وڵاتانەی کورد تێیاندا دەژی. کۆمەڵە خوازیاری پێکهێنان و بەرینترکردنەوەی پێوەندی و هاوکاریی لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانە و سەربەخۆیی ئەوان بۆ دیاریکردنی ڕێبازی سیاسیی و نەتەوەییان بە ڕەسمییەت دەناسێ.

کۆمەڵە لە هەمان کاتدا کە بۆ دەسەڵاتداریەتی گەلی کورد لە ئێران بەسەر زێد و نیشتمانی خۆیدا تێدەکۆشێ، هەر هەمان حەق بۆ گەلانی دیکەش کە مافیان لێ زەوتکراوە بە رەسمی دەناسێ و بڕووای تەواوی بە برایەتیی و یەکسانیی لەگەڵ هەموو گەلانی وا لە ناوچەکەدا لە گەڵیان دەژین، هەیە و خوازیاری پێوەندیی قوڵ و هاوپشتیی تەواوە لە گەڵیاندا. لە وەها حاڵەتێکدا کورد و هەموو گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قازانج دەبینێ.

ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوەمانەوەی هەموو گەلانی ئێران بە یەکسانیی و بەرابەریی، دروشمی فێدڕاڵیمان بەرز کردۆتەوە و داواکاری ئێرانێکی فێدراتیوین کە لە بەشێکی دیکەی ئەم پرۆگرامەدا بە وردی شی دەکرێتەوە. پێویستە رابگەیەنین کە جیا لە دروشمی بەرنامەیی و حیزبی ئێمە، هەموو کاتێک جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە رای ئازادی خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمێکی ئازاددا بۆ دیاریکردنی شیوازی چارەنووسی خۆی، لە لایەن ئێمەوە ڕێزی لێدەگیرێ و ملکەچی دەبین.

ئێمە خوازیاری چوونەدەرەوەی هێزی داگیرکەر لە کوردستانین

و پێمانوایە بەردی بناغەی هەموو ناڕەزایەتیەکانە لە کوردستاندا و تەنیا لە وەها حاڵەتێکدا، خەڵکی کوردستان دەتوانێ دوور لە سیبەری سەرنێزە، بریاری ئازادانەی خۆی بدات. دڵنیاین لەوەی کە گەلی کورد پێکەوەژیان و هاوپەیمانیی بە یەکسانی هەلدەبژێرێ و ئەوە بە رێگای گەشەی مێژوویی خۆی دەبینێ.
کۆمەڵە خوازیاری پێکهاتنی هاوئاهەنگیی و هاوکاریی خەباتکارانە لە نێوان حیزبە کوردستانییەکاندایە و هەوڵدان بۆ گرتنەپێشی ستراتیژییەکی نەتەوەیی کە هەمووان پێی وەفادار بن، بە پێویستییەکی سەردەم دەزانێ. کۆمەڵە پێی وایە و، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بزووتنەوە یان حیزبێکی پارچەیەکی کوردستان، نابێ دژ بە بەرژەوندییەکانی بەشێکی دیکەی کوردستان یا حیزبێکی سیاسی لەو بەشەدا، هەنگاو هەڵگرێ. بە بڕوای ئێمە هیچ حیزبێکی سیاسیی لە چوارپارچەی کوردستان بۆی نییە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان دژ بە بزووتنەوەی کورد هاوپەیمانی پێکبێنێ یان ببێتە گوێڕایەڵی حکوومەتە ناوەندییەکان.

## کۆمەڵە و پرسی نەتەوەیی لە کوردستانی بندەستی ئێران

کۆمەڵە، ستەمی نەتەوایەتی لە کوردستان بە سەرەکیترین گرفت و ململانێی ئەم کۆمەڵگایە دەزانێ. سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، وشیاری و هاوپشتی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرزدا نەبوو، بەڵام دامەزرانی کۆماری کوردستان کە پشتی بە بارودۆخی نێونەتەوەیی ئەو سەردەم بەستبوو، تین و تەوژمێکی بەرچاوی بە خەباتی خەڵکی کورد بۆ ڕزگاری نەتەوەیی لە کوردستانی بندەسەڵاتی ئێران بەخشی. شێوازی دیموکراتیکی کۆماری کوردستان، وەک یەکەمین ئەزموونی

دەسەڵاتی خەڵکی کورد، لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسی ئەوکات، گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوو. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان تەنها یازدە مانگ درێژەی بوو و سەرەرای کەموکورییەکانی، بەڵام کاریگەرییەکانی لەسەر خەباتی نەتەوەیی و دەوڵەمەندکردنی ئەو خەباتە حاشاهەڵنەگرە و لە راستیدا بناغەدانەری بەها دیموکراتیکەکان لە بزووتنەوەی کوردستان بووە و لە باقی بەشەکانیشدا کاریگەریی بەچاوی بووە.

سێ دەیە دەسەڵاتی خوێناویی و دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان، نەیتوانیوە چۆک بە گەلی کورد دابدا و لە خەبات بۆ ڕزگاریی پاشگەزیان بکاتەوە. بەڵکو ئێستا جوگرافیای ئەم خەباتە لە کوردستان لە هەموو کاتێک بەرینترە. سەرەڕای هێرشی بەرینی کۆماری ئیسلامیی و میلیتاریزەکرانی کوردستان، بۆمبارانی شار و دێ و ئێعدامی بەکۆمەڵ، کوردستانی بندەسەڵاتی ئێران زیاتر لە جاران بەرەو خودئاگاهی، هاوپشتیی و خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیک، هەنگاوی ناوە. ئەگەر لەشکرکێشی کۆماری ئیسلامیی لە **٢٨**ی گەلاوێژی **١٣٥٨** بۆ داگیرکردنی کوردستان و سەرکوتی دەنگی ئازادیخوازیی، دەستی پێکرد، ئەمڕۆکە و پاش **٣٣** ساڵ، گەلی کورد زیاتر لە ڕابردوو پێداگریی لەسەر دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەکات. ئەمڕۆ نەتەوەی کورد یەکگرتووتر و یەکریزترە و هیچ کاتێک جوگرافیای خەباتی سیاسی لە کوردستان بەم شێوەیە بەرین نەبووە. هاوکات ئێستا داخوازیی نەتەوەیی و مەدەنیی خەڵکی کوردستان لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو شەفافییەتێکی زیاتری پەیدا کردووە و تەنانەت شاهیدی گەشەکردنی ئاستی ئەم داخوازیی و ئامانجانە بەرەو چەسپاندنی دێمۆکراسی

زۆرتر بووین.
بە پێی ئەوەی کە کوردستان ئامادەی گۆڕانکارییە، کۆمەڵە لە بارودۆخی ئێستادا خەبات بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و پێکهێنانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سەرەوەی سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی داناوە. کۆمەڵە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەم خەباتە ڕوو لە گەشەیە بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێ.
کۆمەڵە حیزبی چەوساوەکان، حیزبی خەبات بۆ ڕزگاریی لە بندەستیی نەتەوەیی و حیزبی هیوا و ئاواتەکانی خەڵک و چینی چەوساوە و زۆرلێکراوی کوردە، کە بۆ یەکسانی تێدەکۆشێ. هەروەک کۆمەڵە لە سەردەمی ڕاپەرینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ساڵی **١٣٥٧**ی هەتاوییدا، سەلماندی کە بە داهێنانی نوێ و بیری پێشکەوتوو و ئینسانی دەتوانێت یەکێک لە کاریگەرترین حیزبە سیاسییەکان بۆ ڕابەرایەتی کردنی خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیک لە کوردستان بێت، ئێستاش پێگەی کۆمەڵە لە کوردستان ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی کە هەم خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیکی خەڵکی کورد ڕێک بخا و هەم بەردەوام پەرەپێدەری پێشڕەوترین بیروبۆچوونی مرۆیی، عەدالەتخوانە و ئازادیخوازانەی سەردەم بێ و هەم وەکوو پێشووتر داکۆکیکاری ستەملێکراوترین چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بێ.

## کۆمەڵە و حیزبە کوردستانییەکان

ئێمە بۆ پێکهاتنی بەرەی کوردستانی، پێکهاتوو لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەوڵ دەدەین و لە ئێستاوە ئامادەیی خۆمان بۆ هەرچەشنە هاوکارییەکی دوولایەنە و سێ لایەنە تا ئیئتیلافی

چەند قۆڵیی و، پێکهێنانی بەرەی گشتیی کوردستانی لە ئاستێکی هەمەلایەنەدا، ڕادەگەیەنین.
کوردستانی ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکی سیاسیی و فرەحیزبییە. ژمارەی حیزبەکان پیشاندەری ئاڵوگۆڕ لە بەراورد لەگەڵ دەیەکانی ڕابردوو و، ئینکشافی سیاسیی نێوان ڕەوتە فیکری و سیاسییەکانی کوردستانە. ئەم تایبەتمەندییە لە ڕووی سیاسییەوە، فرەچەشنییەکی زیاتر بەم کۆمەڵگایە دەدا. جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسیی کە سەرچاوەی لە ڕەوت و مەیلە سیاسیی و چینایەتیەکانی ناو کۆمەڵگاوەیە، دیاردەیەکی ئاساییە و ئاماژەیە بۆ گەشەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کوردستان.
لە ڕووانگەی کۆمەڵەوە پێویستە پێوەندی نێوان حیزبە سیاسییەکان گۆڕانی بەسەردا بێ. لە پێوەندیی نیوان حیزبەکاندا دەبێ بۆچوونی لەمەیدان بەدەرکردن و سڕینەوەی «ڕکەبەرەکان» جێگەی خۆی بداتە هاوکاریی و هەوڵی زیاتر بۆ گەیشتن بە ئامانج و پرۆژە هاوبەشەکان. ئەفسانەی «یەک نەتەوە، یەک حیزب» چیدی باوی نەماوە. پێوەندی دۆستانە و پشتئەستوور بە دیالۆگ و هاوکاریی، دەتوانێ بەخێرایی جێگە و پێگەی هەموو حیزبەکان بەهێزتر بکا و، ئاسۆی بەرینتربوونەوە و سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی، ڕوونتر و سەقامگیرتر بکات. بنەماکانی پلۆرالیزمی سیاسیی، هێنانەگۆڕ و پەرەپێدانی دیالۆگ و پابەندبوون و پشتبەستن بە ئیرادەی زۆرینەی خەڵک، دەتوانێ کەشوهەوایەکی شیاوتر لە نێوان حیزبە سیاسییە کوردستانییەکاندا پێک بێنێ.
بە پێی ئەم بنەمایە هاوکاریی نێوان حیزبەکان، پێوەندیی بەردەوام، یەکگرتوویی لە کردەوەدا، ئیئتیلاف و کار بۆ پێکهێنانی بەرەی

یەکگرتوو، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و داخوازیی سەرجەم گەلی کوردە. کۆمەڵە سەرەڕای قبوڵی جیاوازی سیاسی ناو حیزبەکان، خوازیاری ڕێزگرتنە لە پلۆرالیزمی سیاسیی و هاوئاهەنگ کردنی پێوەندیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان بە پێی بنەمای بەڕسمییەت ناسینی یەکتر. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان گورزێکی کوشەندەی لە بزووتنەوەی کوردستان وەشاندووە، دەبێ بە ئاشکرا بەکارهێنانی زۆر و دەست بردن بۆ چەک لە نێوان حیزبە کوردستانییەکان مەحکووم بکرێ.

کۆمەڵە هەوڵ بۆ هاوئاهەنگیی، هاوکاریی و یەکگرتوویی بە کردەوە لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی دیکە دەدا و پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتە گرینگە بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێ. بە لەبەرچاوگرتنی بەشداریی ژمارەیەکی زیاتر لە حیزبە کوردستانییەکان لە بزووتنەوەکەدا، پێویستیی تۆمارکردنی مەنشووری حیزبەکان و پابەندبوونیان بە نۆڕم و ستانداردێکی دیاریکراو لەبواری دیالۆگ، هاوکاری و دیاریکردنی سنورگەلی دیاریکراو لە پێوەند لەگەڵ بەرژەوەندیی گەلی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، زۆرتر لە جاران لە ئارادایە.

## ئێمە و نەتەوەکانی ئێران

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە بە جۆرێک کە هیچ نەتەوەیەک تێیدا زۆرینە نییە. چ لە زەمانی پاشایەتی پەهلەوی و چ لە دەورەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا بناغەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی ئێران بە هێرشکردن بۆ سەر نەتەوە ژێردەستەکانی نیشتەجێی ئەم وڵاتە هەڵچنرا. کۆماری ئیسلامیی لە سی و چەند ساڵی ڕابردوودا بە

سازکردن و پێکهێنانی چەندین دامەزراوە بە شێوەیەکی سیستیماتیک بزووتنەوە میللییەکانی گەلانی دانیشتووی ئێرانی سەرکوت کردووە و مافی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتەی زەوت کردووە. ئەم رژیمە بە هێرشی بەرینی نیزامیی، میلیتاریزەکردنی ناوچەکان، ئیعدامی بەکۆمەڵ و دەسگیرکردنی سەرەڕۆیانە و شکەنجەکردن، هەوڵی دا نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران کە لە ڕاپەڕینی ساڵی **١٣٥٧**ی هەتاوی مەجالی خۆسازکردنەوەیان بۆ ڕەخسابوو، سەرلە نوێ سەرکوت بکاتەوە. وەرگرتنەوەی دەسکەوتەکان و لەناوبردنی فەزای ئازادی سیاسیی، بە هێرش کردن بۆ سەر کورد، عەرەب، تورکمان و بەلووچ دەستی پێکرد. کۆماری ئیسلامیی بۆ چەسپاندنی هەڵاواردنی نەتەوەیی و لاوازکردنی نەتەوە ژێردەستەکان بە هەموو هێزەوە تەنانەت کەڵکی لە ئامرازە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانیش وەرگرت.

سەرەڕای سەرکوتکردنی بەردەوامی گەلانی ئێران، بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە مافەکانی بەهێزتر بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، خوزستان، ئازەربایەجان، بەلووچستان و هتد.... ڕوو لە گەشەن و نەتەوە بندەستەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێران خوازیاری نەمانی ستەمی نەتەوەیی و کۆتایی پێهاتنی ملهۆڕی حکوومەتی ناوەندیی، میلیتاریزم و شۆڤینیزمی قەومیی و ئاینیی، لە ئێرانن.

هەڵسووڕانی بێوچانی کۆمەڵە و هێزە چەپ و دیموکراتەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ئێران، بۆ پێکەوە ژیانی دڵخوازانەی نەتەوەکان و سڕینەوەی ئاسەواری سەرکوتگەریی نەتەوەیی، یارمەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووەکان دەدا تا پێش بە سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان نەتەوەکان

کە شۆڤینیزمی دەسەڵاتدار پیلانی بۆ دەگێڕێ، بگرێ.
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان داکۆکی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە هەر ئاستێکدا تا پێکهێنانی دەوڵەتی میللی بۆ نەتەوەکانی بندەستی ئێران دەکا. کۆمەڵە و بزووتنەوەی کوردستان خۆیان بە هاوپشت و هاوپەیمانی هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بۆ ڕزگاریی لە ستەمی نەتەوایەتی دەزانن. کۆمەڵە خوازیاری هاوکاریی نێوان نەتەوە ژێردەستەکان لە دژی حکوومەتی ناوەند بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتییە. کۆمەڵە خوازیاری پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی بەهێز لە نێو گەلانی دانیشتووی ئێران بۆ ڕوووخاندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دامەزرانی نیزامی فێدراتیو بە پێی پێکەوە ژیانی دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانە.

## کۆمەڵە و شێوەکانی فدرالیزم، شێوەی دەسەڵات لە ئێران و کوردستان

پرەنسیپی سەرەکی کۆمەڵە بۆ دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی نوێ لە کوردستان، بەشداریدانی ڕاستەوخۆ و بەرینی جەماوەری خەڵکە لە دیاریکردنی چارەنوسی سیاسییاندا. ئیرادەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک و توانای واقیعی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، نوێنەرانی پەرلەمان و دیکە دامەزراوە مەدەنییەکان دیاری دەکا. کۆمەڵە لە هەوڵی بەشداریدانی بەرینی خەڵک بۆ دەستەبەرکردن و داکۆکی لە مافەکانیانە و ئیرادە و بەشداریی راستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵات، دەتوانێ زەمانەتی پاراستنی دەسکەوتەکانیان بێ.
پێکەوەژیانی دڵخوازانەی گەلانی ئێران، تەنیا بە دامەزرانی سیستمێکی فیدراڵیی یان کۆنفیدراڵیی لە سەر بنەمای دێمۆکراسیی لە داهاتووی ئێراندا دەتوانێ دەوامی هەبێت. لەو حاڵەدا حکوومەتی فێدراڵی

کوردستان سەرجەم ناوچەکانی نیشتەجێ بوونی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆ دەگرێ و بە نیزامی دیموکراسی پەرلەمانی بەڕێوە دەچێ. فیدرالیزم لە کردەوەدا بۆ نەتەوە بندەستەکان و هەژارانی کۆمەڵگا، دەستەبەرکردنی ڕادەیەک لە مافی نەتەوەیی، دیموکراسی و ئازادییە و لە بواری سیاسی و ئابوورییدا ئەمنییەتی تێدا بەدی دەکرێ. بە پێی ئەوە فدرالیزم دەبێ لەگەڵ پێکهاتەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و فەرهەنگی و جوگرافیایی نەتەوەکانی ئێران، هاوتەراز و بە ئاشکرا و بە ڕوونی دیاری بکرێ.

کۆمەڵە ڕایدەگەیەنێ بنەمای پێکەوە ژیانی دڵخوازانە و بەشداریکردن لە دانانی بناغەی ئێرانێکی ئازاد و دیموکراتیک و فدراتیودا، لە ئەگەری سیستەمی فیدراڵیی یان کۆنفیدراڵییدا، دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا بگونجێ.

١. بە ڕەسمییەت ناسینی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکانی ئێران، چ لە ڕووی دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسیی، فەرهەنگی و ئابووری لە چوارچێوەی هەرێمی و چ لە ڕووی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی.

٢. مافی بەشداریکردن لە پەسەندکردنی شێوازی سیستمی سیاسیی گشتیی ئێران، بەشداریکردن لە سیاسەتگوزاریی و دارشتنی یاسای بنەڕەتی وڵات. بۆ وێنە لە ڕێگەی پێکهێنانی مەجلیسی سێنا بۆ نوێنەرانی هەرێمە فێدراڵەکانی ئێران.

**٣.** دابەشکردن و جیاکردنەوەی هێرەمی دەسەڵات لە لایەک لە نێوان ناوچە فیدراڵەکان و لە لایەکی دیکەوە لە نێوان دوو هێزی یاسادانەر، بەڕێوەبەر و دادوەرییەوە لە ئاستی فیدراڵ و هەرێمەکاندا.

**٤.** هەڵوەشاندنەوەی دابەشکرانی ئەو پارێزگانەی بە پێی هەڵاواردنی

نەتەوەیی بەش کراون و سەرلەنوێ دارێشتنەوەیان لەسەر بنەمای خواست و ئیرادەی نیشتەجێبووانی ئەو ناوچانە و، لەسەر بناغەی بڕیاری زۆرینەی دانیشتووانی ئەو ناوچانە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی و ڕەچاوکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکان و هەروەها مافی شارۆمەندانی دانیشتوانەکەی.

**٥**. دابەشکردنی داهاتی خالسی ساڵانەی فیدراڵی ئێران بە ژمارەی دانیشتووان و قەرەبووکردنەوە بۆ ئەو ناوچانەی بە پێی سیاسەتی حکوومەتی ناوەندیی لە باری ئابووریی و کولتورییەوە دواکەوتوو ڕاگیراون. پێکهێنانی «خەزێنەی هاوپشتیی» هاوبەش لە نێوان ناوچە فیدراڵەکان و دەوڵەتی فیدراڵ بۆ یارمەتی گەیاندن بە ناوچە گەشەنەکراوەکان. مەبەست لە پکێهێنانی خەزێنەی هاوپشتیی دەبێ پێکهینانی بارودۆخی گونجاو و بەرابەر بۆ گەشەپێدانی ئابووریی یەکسان بۆ هەموو ناوچەکانی ئێران بێ. ڕیگەپێدان بە وەرگرتنیماڵیات و بەشداربوون لە داهاتەکانی ناوچەکان.

**٦**. دیاریکردنی دەستەی دادوەریی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان دەوڵەت و هەرێمەکان، یان لە نێوان هەرێمەکاندا

**٧**. دامەزرانی سیستمی هەڵبژاردن بە پێی ڕیژە. هەر حیزب و ئیئتیلافێکی سیاسیی کە دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو، نابێ مافی گۆڕانی ڕێژەیی وتەبێژانی نەتەوەکانی ئێران لە دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ/ کۆنفیدراڵ و هەرێمەکاندا بێ و ئەم یاسایە دەبێ لە یاسای بنەڕەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا زەمانەت بکری.

**٨**. دابەشکردنی ئیدارە و دامەزراوە فیدراڵییە ناوەندییەکان لە هەموو هەرێمەکانی ئێران و دابەشکردنی بەرپرسایەتیی و پۆستەکانی حکوومەتی فیدراڵ لە نێوان وتەبێژانی نەتەوەکانی ئێران بە پێی ڕێژەی

دانیشتوانی ناوچە فیدراڵەکان و بایخەدانی تایبەت بە نەتەوە غەیرە فارسەکان و بە قازانجی ژنان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ژێردەستەییان.

٩. زەمانتکردنی سیستمی فیدراڵیی لە یاسای بنەڕەتی، بە ڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە لە کاتی هەڵوەشانەوە یان ڕەچاونەکردنی یاسای بنەڕەتیی، بەڕەسمییەت ناسینی مافی ڤیتۆ کردن بۆ نوێنەرانی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران لە کاتی ئاڵوگۆڕهێنان لە یاسای بنەڕەتیی.

١٠. زەمانەتی ڕەسمیی و میللیی و هاوشان بوونی زمانی فارسیی، کوردیی، ئازەریی، بەلووچیی، تورکمانیی، عەرەبیی بۆ ئۆرگانە فیدراڵەکان لە یاسای بنەڕەتیی و دستەبەرکردنی مافی بەکارهێنانی زمانی دایکی نەتەوەکان و بەڕێوەبردنی کولتوریان لە سەرتاسەری ئێران بۆ هەموو دانیشتوانی ئێران لە «یاسای زمانەکانی ئێران»، هەڵوەشنادنەوەی سیستمی زۆرەملێ فێرکردنی «زمانی هاوبەش» و چەسپاندنی پرینسیپی زمانی دووهەم بە دڵخوازیی.

١١. پەسندکردن و چەسپاندنی سێکۆلاریزم و جیایی دین و ئیدیۆلۆژی لە دەوڵەت، هەڵوەشاندنەوەی ڕەسمی یان ناڕەسمی بوونی هەر ئایینێک لە یاسای بنەڕەتیی ئێران و بێلایەنی حکوومەتی فێدراڵ لە داکۆکی یان دژایەتیکردنی ئایین یان ئیدیۆلۆژییەکی تایبەت.

کۆماری فیدراڵی کوردستان کە پێکهاتەی سیاسیی و حکوومەتی هەڵبژاردەی ئێمەیە، بنەما و بەهاکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و سیستمی دیموکراتیک کە لەم بەرنامەیەدا هاتووە، وەک بنەما سەرەکییەکانی خۆی بەڕەسمییەت دەناسێت و بۆ بە دامەزراوکردنی، خۆی بە بەرپرس دەزانێت.

## کۆمەڵە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان کە زیاتر لە ڕابردوو بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنتر، چینایەتیتر و ئەمڕۆییتر هەنگاوی هەڵێناوە، بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بوارە جۆراجۆرەکاندا بۆتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر. بوون و گەشەی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، هیوای دواڕۆژێکی گەشتر دەدات. ئەم دیاردەیە کە تەنانەت لە ساڵی **٥٧** ئیمکانی دەرکەوتن و پێکهاتنی نەبوو، وردە وردە بەشێکی گرنگ لە ژیانی سیاسی کوردستانی بۆ خۆی تەرخان کردوە.

بزووتنەوەی ژنان بەشێکی بەرین لە ژنانی خوێندەوار و ئازادیخوازی بۆ گۆڕەپانی خەبات بۆ ڕزگاریی ڕاکێشاوە. بوونی ژنانی خەباتکار لە گۆڕەپانی سەراسەریی و تەنانەت جیهانییش، هێز و بڕێکی زیاتری بە بزووتنەوەی ژنی کورد بەخشیوە.

بزووتنەوەی کرێکاران و جووڵە ناڕەزاییەکان و دەرکەوتنی ژمارەیەک وەک هەڵسوڕاوانی کرێکاریی، بزووتنەوەی کرێکارانی هەنگاوێک بەرەو پێش بردوە.

بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد و حوزوری کارای ئەوان لە خەباتە خوێندکارییەکان لە زانکۆکانی ئێران، لەدایکبوونی دەیان بڵاوکراوە، کاتنامە و وێبلاگ و... لەلایەن ئەوانەوە، ئەو بزووتنەوەیەی وەک بزووتنەوەیەکی هیوابەخش لێکردوە.

بزووتنەوە مەدەنییەکان لە «ئێن.جی.ئۆ» کان، ڕێکخراوە ئەدەبییەکان، ئەنجومەنەکانی ژینگە، بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ و زیندانیانی سیاسیی و حوزوری لاوان و... خۆیان دەرخستووە.

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵگای کوردستانیان ڕێکخراوتر، مۆدێرنتر، سیاسیتر و لێکئاڵاوتر کردوە. دەوڵەمەندکردن و بەشداریی

گەرموگوڕ لە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە یەکێکی دیکە لە سەرەکیترین ئەرکەکانی کۆمەڵە لە کوردستانە. لێوەشاوەیی ودەوری کادرەکان، هەڵسوڕاوان و ئەندامانی کۆمەڵە لە کوردستاندا، بە پێی هاوکاریی، بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئەم بزووتنەوانەیە. نەکردنی ئەم بزووتنەوانە بە تریبۆنی پڕوپاگەندەی حیزبیی و بە ڕەسمییەت ناسینی سەربەخۆیی ئەوان، ئەرکی بێ ئەملاولای ئێمەیە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کە لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی گشتیدان، پێویستییان بە هاوکاریی، هاوئاهەنگیی و پێوەندی خەباتکارانەی هاوبەش هەیە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن سیمای بزووتنەوەی نەتەوەیی زیاتر لە جاران مۆدێرنتر و دیموکراتیک تر بکەن.

کۆمەڵە خۆی بە حیزبی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت و لە بنەڕەتدا توانا و قورسایی سیاسی خۆی لە پەرەئەستاندنی ئەم بزووتنەوانەدا دەبینێتەوە.

## سیاسەتی کۆمەڵە لە بەرانبەر بزووتنەوە کرێکاری لە کوردستاندا

لە کوردستان، پاش ڕێبەندانی **٥٧** شاهیدی خەباتی کرێکاریی و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و هەڵسوراوانی بووین. هەرچەند دەرکەوتنی ئەوانە بۆ پاش سەردەمی ئیسلاحاتی ئەرزیی لە ئێران دەگەڕێتەوە و لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و سەرهەڵدانی بەرگری بەرینی خەڵک دژی ئەو هێرشە و دەستپێکردنی شەڕی چەکدارانە، تەواوی شێوەکانی تری خەبات، لەوانە خەباتی کرێکاریی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئێستا خەباتی کرێکاریی لە کوردستان بە شێوەی پەرشوبڵاو لە

ناوچەگەلێکی کوردستان، بوونی هەیە. بەرنامەی ستراتیژیکی رێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران و بە تایبەتی لە سێ دەیەی دواییدا لەلایەن کۆماری ئیسلامیی بۆ پاشکەوتووهێشتنەوەی پیشەسازیی کورستان و رێگرتن لە بەرێوەچوونی هەر پرۆژەیەک و سەرمایەگوزاریی گەورە، زەربەیەکی راستەوخۆی لە پەرەگرتن و دەوامی بزووتنەوەی کرێکارانی کوردستان وەشاند. ئەگەرچی پەرەئەستاندنی پێوەندییەکان و هەڵکشانی دووبارەی بزووتنەوەی سەندیکایی لە ئێران، یارمەتیدەری بەرجەستەبوونی خەباتی کرێکارانی کوردستان بووە، بەڵام ئەم خەباتە هێشتا پێویستی بە پێگەیشتنی دەروونیی خۆی و ڕابەرانی کارامە و سەراسەریی هەیە لە کوردستاندا. ناسینی دروستی قۆناغەکانی خەباتی کرێکاریی و بارودۆخ و قورسایی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کرێکاران لە کوردستان، لە بەهێزکردنی خەباتی کرێکاراندا بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانی رۆژانە و سەلماندنی مافە ئینسانییەکانیان، دەورو نەقشێکی دیاریکەری هەیە.

کۆمەڵە حیزبی رێکخەر، پشتیوان و بەرگریکاری خەباتی کرێکارانی کوردستانەو، بۆ بەرێکخراوکردنی بەربڵاو و بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاریی لە هاوکێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەوڵدەدات. حوزوری چالاکانە و بەشداریی لە خەباتی کرێکاریی و پشتیوانیی لە چالاکیی هەڵسوڕاوان بۆ پێکهێنانی رێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان لە ئەرکە گرینگەکانی ئێمەیە.

١. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە قانوونی کار چ لە ئێران و چ لە کوردستان بە بەشداری نوێنەری راستەوخۆی کرێکاران دابڕێژرێ. وتووێژ لەمبارەوە بێ بەشداریی نوێنەری کرێکاران نابێ ئەنجام بدرێ.

٢. دیاریکردنی لانیکەمی حەقدەستی کرێکاران دەبێ بە پرس و را

لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکانی کرێکاران بێ. لانیکەمی حەقدەست پێویستە بە ڕەچاوکردنی هەڵاوسانی ئابووری و گرانی ساڵانە دیاری بکرێ.

**٣**. کارفەرما و ساحێب کار نابێ تەنیا بە بڕیاری خۆی بتوانێ کرێکاری لەسەر کار دەربکات. پێویستە حکومەتی کوردستان یاسا نێو دەوڵەتیەکان ڕەچاو بکات و بە بەشداریی نوێنەری ساحێب کار و نوێنەری کرێکاران یاسا و ڕێساکان لەمبارەوە دیاری بکات و بیباتە پارلەمان.

**٤**. مانگرتن وەک شێوازێک لە دەربڕینی نارەزایەتی دەبێ بۆ کرێکاران بە ڕەسمی بناسێندرێ و لەمبارەوە حکومەتی کوردستان سیاسەتێکی ئیعلامکراوی ڕۆشنی هەبێ. وەک چۆن گوێستنەوەی سەرمایەگوزاری یان کەمکردنەوەی سەرمایە چەکێکی دەستی ساحێب کارە، مانگرتنیش چەکی دەستی کرێکارانە بۆ پارێزگاری لە مافەکانی خۆیان.

## کۆمەڵە و بزووتنەوەی ژنان

بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە قوڵەکانی کۆمەڵگای کوردستان و، سەرەڕای دەسەڵاتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامیی، پێگەی ژن لەم کۆمەڵگایە، چ لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیکی کوردستان و چ لە نێو حیزبەکاندا گەیشتۆتە ئاستێکی باڵاتری کۆمەڵایەتیی و سیاسی. لە ڕێبەندانی **٥٧**دا بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ژن بە خێرایی گۆڕانی بەسەردا هات. کۆمەڵە لە کوردستان زیاتر لە هەر ڕەوتێکی سیاسی دیکە، وەک حیزب و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان، ناسرا. پێوەندیگرتنی پۆل پۆلی ژنان بە کۆمەڵەوە، چ لە ڕێکخستنەکانی شار و چ لە خەباتی چەکداریی و لە سەنگەرگرتنی

ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە داگیرکەر، شاهیدی فێمێنیست بوونی کۆمەڵە و ئامادەگیی دەروونیی و سیاسیی ئەندامانی کۆمەڵەیە بەرامبەر بە پرسە فێمێنیستییەکان و خەباتی ژنان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی خۆیان. ئەمە تایبەتمەندییەکی بەرچاو و جێ شانازیی کۆمەڵەیە.

بەشداریی ژنان لە دوارۆژی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕێبەندانی **٥٧** هەتاوییدا و پاشتریش، بەشداریی بەرین و قارەمانانەی ئەم نەوەیە لە بزووتنەوەی ژنان و بەتایبەتی لە ریزەکانی کۆمەڵەدا، ڕوواڵەتێکی زیندوو و پشکێکی بەڕابەریخوازانەتری بە گشت بزوتنەوەکە بەخشی. ژنان لە کوردستان لە مەیدانی ئیعتیرازی سیاسی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان و سازدانی ڕێکخستنە پیشەییە نوێیانەکان و دواتریش لە مەیدانی بەرگریی چەکدارییدا، درەوشانەوە و بۆ هەمیشە، لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازییان خستە سەر مێژووی ئەم نەتەوەیە.

ئێستاکەش بەشداریی ژنان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەرهەنگیی و ئەدەبی و، لە نێو ڕێکخراوە خۆڕسک و سەربەخۆکاندا لە کوردستان، ئەم دیاردەیەی زیاتر دەوڵەمەند کردوە. دەرکەوتنی سیمای جۆراوجۆری ئەدەبیی، سیاسی، کۆمەڵایەتیی و زانستیی لە ناو ژنانی کوردستان و ئەگەری حەتمیی پەرەسەندنەکەی لە بارودۆخی ئێستا و داهاتوودا، قورساییەکی زۆرتر دەبەخشێتە پێگەی ژنان لەم کۆمەڵگایەدا. بوونی نەوەیەک لە ژنانی خەباتکاری کوردستان لە بزاوتی سەراسەریی ژنانی ئێران و هەروەها لە ڕەهەندگەلی نێودەوڵەتیی، نیشانەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی فێمینیستیی و بەڕابەریخوازانە لە کوردستان بەربڵاوتر و بەهێزتر بووە. ئەم بارودۆخە بۆ کۆمەڵە دەرفەتگەلێکی نوێ دەخولقێنێت کە بە توانا و زەرفیەت و متمانە بەخۆبوونێکی پترەوە، پەرە بە هزری مرۆڤیی و پێشکەوتووانە و

بەرابەریخوازانە بدات.
کۆمەڵە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان، بە بەشێک لە بزووتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان دەزانێت کە لەم دەورەیەدا ئیمکانی گەشە و باڵاکردنی زۆرتری پەیدا کردوە. ئێمە بە تەواوی پشتگیری لەم بزووتنەوەیە دەکەین و، گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان نیشانەیەکە لە دروستبوونی سیاسەت و ئاراستەی کۆمەڵە لە ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی **٥٧** و دواتریش لە کوردستاندا. بە خۆشییەوە ئەم فەرهەنگە لە کوردستان رۆژ بە رۆژ روو لە پەرەسەندنە. ژنان تا دێ بوارگەلی کۆمەڵایەتی، سیاسی و زانستیی نوێ داگیر دەکەن و لە نێو حیزبەکاندا و لە رابەری سیاسیدا شوێن و پێگەیەکی باشتر دەستەبەر دەکەن. زیاتر لە دوو دەیە خۆراگریی ژنانی خەباتکار و چەپ و سوسیالیستیی کوردستان لە زیندانەکان کە، بەشی هەرە زۆریان لە ریزەکانی کۆمەڵەدا خەباتیان کرد، چ لە رێکخستنی نهێنی و چ لە ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، شانازییەکە کە لە ئاسمانی بزووتنەوەی ئێستای ژنان لە کوردستاندا، دەدرەوشێتەوە.
ئێمە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیی، کاریی، سیاسی و خێزانیدا خوازیاری بەرابەریی ژن و پیاوین. ئێمە خۆمان بە پشتیوان و بەرگریکاری بزووتنەوەی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافی یەکسان لە گەڵ پیاوان دەزانین و بۆ بەهێزکردنی ئەم خەباتە تێدەکۆشین. هەرچەشنە هەڵاواردن و ئاپارتایدێکی قانونی و شەرعی کۆماری ئیسلامیی دژ بە ژنان نامرۆڤانەیە و دەبێت هەڵبوەشێتەوە.
ئێمە خوازیاری بەرقەراری میکانیزمی «هەڵاواردنی پۆزەتیڤ» بەقازانجی ژنان بۆ نەهێشتنی نابەرابەرین.
کۆمەڵە خەبات بۆ دارشتنی یاسا سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی ژن

دەکات، لەوانە:

- دژ بە سیستەمی پیاوسالاریی و باوکسالاریی
- بۆ وەدیهێنانی بەرابەریی و یەکسانیی نێوان جنسەکان.
- کێشەی ژنان لە کۆمەڵگادا، دوور لە هەر دەستتێوەردانێکی ئایینی و نەریتیی، بە کێشەیەکی گرینگی سیاسیی دادەنێت.
- هەموو کارێکی تیئۆریی و پراکتیک دەکات بۆ ئەوەی ئاستی هەمەلایەنەی ژنان لە بوارگەلی جیاوازدا بباتە سەرێ
- وەکو چارەسەری جیددی و ستراتیژیی ئێمە هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی خوێندن و بارهێنان دەدەین کە لە بنەڕەتدا زەمینە بۆ یەکسانی و بەرابەریی خۆش بکات، بەڵام لە ئێستادا هەموو هەنگاوێک دەنێین و هەموو هەنگاوێک بەخێردەهێنین کە بە مەبەستی باشترکردن و بۆپێشەوەبردنی کێشەی ژنان بێت. ئامادەین لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی دیکەدا پێکەوە کار بکەین کە بە مەبەستی باشترکردن و بۆپێشەوەبردنی دۆزی ژنان خەبات دەکەن، جا لە هەر بوارێکی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی یان شێوەی دیکەدا بێت.
- هەروەها هەموو زەمینەیەک پێکدێنین کە خوێندنگاکان هەر لەسەرەتاوە خوێندنگای یەک جنس نەبن، بەڵکو تێکەڵ بن. کە لە نەخۆشخانە، لە بازاڕ، لە بازاڕی کار، لە دامەزراوە حکومەتیەکان و ناحکومەتیەکان، لە هونەر بە گشتیی بە شێوە جۆراوجۆرەکانیەوە، ژنان هاومەرج و هاومافی پیاوان بەشدار بن.
- بنکەی تەنگاویی/ فریاکەوتن بۆ داڵدەدانی ژنانی زۆربۆهێنراو، بنکەی تایبەتی بۆ یارمەتیدانی ژنان لە کاتی پێویستدا، بنکەی شاردنەوەی ژنان بۆ پاراستنیان لە دەستدرێژیی ڕاستەوخۆ و بنکەی دیکەی لەو جۆرە دەبێت هەبن، هەم حکومەتیی و هەم تایبەتیی،

و هەردووکیان دەبێت بە پێی یاسا و لە لەلایەن بنکەی پۆلیسەوە بپارێزرێن. لە هەموو ئەو دۆخانەدا ئێمە وەکو سۆسیالیستی دیموکرات جەختی لەسەر دەکەینەوە کە نابێت ئەوە بکرێت بە شێوەی کار و بە کولتور کە ژن لە دەست زوڵم و زۆری پیاوان بشاردرێنەوە و لە ژوور بخرێن، بەڵکو دەبێت ئەو پیاوانە دوور ڕابگیرێن و دەست بەسەر بکرێن کە تاوانی لەم چەشنە دەکەن. ئێمە دەمانەوێت ئەو شاردنەوە و داڵدەیەی ژنان تەنها چارەسەرێکی کاتیی بێت، بۆ ئەوەی لە دەستدرێژیی ڕاستەوخۆی تەنگاوی بپارێزرێن.

- نەخۆشخانەکان، خوێندنگاکان، بنکەکانی تەنگاویی و فریاکەوتن، پۆلیس و لایەنانی دیکەی لەم جۆرە دەبێت لە چەوسانەوەی ژنان، لە چۆنیەتی پاراستن و یارمەتیدان و پشتگیریی کردنیان بزانن و فێر بکرێن.

ئێمە دەمانەوێت لە ئەزموونی وڵاتانێک کە لەم بوارەدا پێشکەوتوون سوود وەربگرین، زانیاری و زانست و ئەزموون بگۆڕینەوە و پێوەندیەکی نێونەتەوەییانە دژ بە چەوسانەوەی ژن دابمەزرێنین.

ئێمە زۆر بە توندیی دژ بەوەین کە ژنان بکرێن بە بابەتی سێکس و بە کاڵای پارە پەیداکردن و قازانجکردن، دژ بە کڕینوفرۆشتنی ( Trafficking ) ژنان و بە سەپاندنی هێترۆسێکسوالیتین کە وەک نۆرم دابنرێت. بۆ ڕزگارکردنی کچان و ژنانی کەم تەمەن هەموو کارێک دەکەین کە نەکەونە ئەو بازنانەوە. هەروەها هەموو کارێکی هەرەوەزیی و هاوکاریی نێودەوڵەتیی لەگەڵ لایەنانی دیکەدا دەکەین.

-سەبارەت بە پاشەڕۆژ، ئەمە ئامانجی درێژخایان و داهاتوویی ئێمەیە: "نیوەی دەستەڵاتی کۆمەڵ و مووچەی یەکسان" بۆ ژنان.

**لەگۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا**

کۆمەڵە وەک حیزبێکی کوردستانیی و بەشێک لە ڕەوتێکی چەپ و شۆڕشگێڕ و دیموکرات، بۆ ڕووخانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتیک، فدراتیو و پلۆرالیستیی لە ئێران خەبات دەکات. کۆمەڵە پشتیوانیی و بەشداریی چالاکانەی خۆی لە خەباتی ئازادیخوازانە دژ بە ڕژیمی ئیسلامیی هەروا درێژە دەدات. پشتیوانی لەهەر چەشنە جوڵە و خەباتێکی جەماوەریی خەڵک و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کرێکاران، ژنان، نەتەوە ستەملێکراوەکان، ڕۆشنبیران، خوێندکاران، کەمایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لاوان دەکات و بۆ بەهێزکردنی ئەو بزووتنەوانە هەوڵ دەدات.

کۆمەڵە چارەنووسی ڕەوتی چەپی ئێرانی بەلاوە گرنگە و خوازیاری زۆرترین هاوکاریی و هاوئاهەنگییە لە گەڵیان. ئەگەرچی ئێمە لە حیزبێکی سیاسی سەراسەریی لە ئێراندا بەشداری ناکەین، بەڵام هاوپشتیی و هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوگەلی ئازادیخواز، دیموکرات و سوسیالیستیی لە ئێران دەردەبڕێت کە لە پراکتیکدا دیفاع لە ئازادیی نەتەوەکانی ناو ئێران و کۆمەڵگای مەدەنیی و ئازادیەکانی تاک و مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتییبوون دەکەن.

ئێمە لە ئێراندا بۆ بەهێزکردنی خەباتی سەراسەریی دژی کۆماری ئیسلامی، بڕوامان بە پێکهێنانی بەرەی دیموکراتیکی خەڵکییە. کۆبوونەوەی بەرینترین هێزەکانی لایەنگری ڕووخان، دەتوانێ توانا و وزەیەکی نوێ ببەخشێتە بزووتنەوەی سەراسەری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و دێمۆکراسیخوازەکان. کۆمەڵە بەڕەسمییەت ناسینی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و بەرگری لە خەباتە دیموکراتیک و

ئازادیخوازانەکەی بە مەرجی چوونە ناو هەر ئیئتیلافێکی سەراسەریی لە ئێران دەزانێت. خەباتی نەتەوەکانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافگەلی نەتەوەیی بەشێکی دانەبڕاوە لە هێنانەندی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران.

**بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران**

کۆماری ئیسلامیی، بە سەرکوتی کرێکاران و سڕینەوەی دەسکەوتەکانی راپەڕینی ڕێبەندان، سەپاندنی یاسای کاری دژە کرێکاری، دەستبەسەرکردنی بەرینی ڕابەرانی کرێکاران و ئەشکەنجە و ئێعدامی ئەوان، هێرش بۆ سەر کۆبوونەوە کرێکارییەکان، ڕێگاگرتن لە پێکهێنانی ڕێکخراوە پیشەییە کرێکارییە سەربەخۆکان و سەپاندنی دژوارترین ژیان بەسەر بنەماڵە کرێکارییەکاندا، دەسەڵاتی دژە کرێکار و دژە خەڵکییەکەی خۆی سەپاندووە. بەڵام بزووتنەوەی کرێکارانی ئێران بە تێپەڕکردنی زەمەن، زیاتر لە جاران بۆتە بزووتنەوەیەکی گەشەکردوو و سەربەخۆی کرێکاریی.

لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا، ئاخێزی دووبارەی بزووتنەوەی سەندیکایی لە ئێران، بە چالاکی دووبارەی سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحیدی تاران و دەوروبەر و هەروەها سەندیکای کرێکارانی "نەیشەکەری حەوت تەپە"، گەیشتە تروپک و توانایەکی نوێ. ناسینی وزە و پۆتانسیەلی واقیعی بزووتنەوەی کرێکاریی و دانانی لە پێگەی خەباتە سەراسەرییەکان بۆ رووخان لە ئێران، مەرجی پێویست بۆ گرتنەبەری تاکتیکێکی دروستی سیاسییە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، وەکوو حیزبی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان کە داهینەری پرۆژەی دیموکراتیکە بۆ

سۆسیالیزم و بۆ دادوەریی کۆمەڵایەتی، پشتگیریی لە بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و بزووتنەوە سەندیکاییەکەی دەکات، بەرگری لە داخوازیی کرێکاران بۆ زیادکردنی حەقدەستەکانیان و مافی پێکهێنانی سەندیکا و ئیتیحادیە و هەرچەشنە دامەزراوەیەکی کرێکاری بە ئەرکی خۆی دەزانێ. کۆمەڵە هاوکات هەوڵدەدا کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و ڕابەرانی ببێ و پێکهێنان و بەهێزکردنی پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و بزووتنەوەی کرێکاریی بە ئەرکی خۆی دادەنێ و داواکارە کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێرانی و جیهان پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بکەن.

## یەکەم: بایەخ و بنەماکانی سیستەمی دێمۆکراتیک

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پابەندی بایەخە دێمۆکراتیکەکانە و بۆ دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی دێمۆکراتیک هەوڵ دەدات. خەبات دژی دیکتاتۆری لە هەموو قاڵبە سیاسیی و ئیدئۆلۆژیکەکانیدا، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵە لە کوردستانە. پەرەپێدانی فەرهەنگی دێمۆکراتیک، ڕێزگرتن لە مافی تاکەکانی کۆمەڵگا و ئازادییە مەدەنییەکان و پەرەپێدانی تێگەیشتنی دێمۆکراتیک لە پێوەندی خانەوادەکاندا و لە کۆمەڵگادا هەوڵێکی بەردەوام و کارێکی پڕبەپڕی پێویستە. بەتایبەت لەبەر ئەوەی لە سێ دەیەی ڕابردوودا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو توان و دەسەڵاتی خۆیەوە پێشێلکرانی ماف و ئازادی تاکەکانی پەرەپێداوە و بە شێوەی سیستێماتیک داهێنان و لێهاتووی و تواناکانی تاکی سەرکوت کردووە و بەرییپێگرتوون. پەرەسەندنی فەرهەنگی دێمۆکراتیک، بڕوابەخۆیی

لای تاکەکانی کۆمەڵ زیاد و بایەخە مروییەکان گشتگیر دەکات.
کۆمەڵە پشتگیری تەواو لە بنەما سەرەکییە ناسراوەکانی سیستەمی دێمۆکراتیک دەکا و وەکوو مەرجی پێویست بۆ سەقامگیربوونی دێمۆکراسیی هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنیان لە کۆمەڵگای کوردستان دەدا. ئەو بنەمایانە بریتین لە:

١. شیوەی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان کۆمارێکی دیموکراتیکی پارلمانیی دەبێ کە دەوڵەتێکی یاسامەند تێیدا هەوڵ بۆ دابینکردنی ریفاهی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵک دەدا

٢. ئەم دەسەڵاتە هەرێمیە یاسای بنەڕەتیی خۆی دەبێ.

**٣.** بەشی یاسادانان، بەشی ڕاپەڕاندنی کارە دەوڵەتییەکان و دەزگای قەزایی لێک جیا دەکرێنەوە و سەربەخۆ دەبن.

**۴.** سیستێمی فرە حیزبی و پلوراڵیزمی سیاسی بنەمای پێکهاتەی سیاسیی کوردستان دەبێ. کەمینە سیاسییەکان پەیڕەوی لە بڕیارەکانی زۆرینە دەکەن و هاوکات ئازادیی تەواوی چالاکیی سیاسی بۆ کەمینە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا دەپارێزرێ.

**۵.** تاکەکەس لە تەمەنی **١٨** ساڵ بۆ سەرەوە مافی دەنگدانی بۆ هەموو ناوەند و ئۆرگانە ناوچەیی و سەراسەرییەکانیان هەیە.

**۶.** شێوەی هەڵبژاردن ڕێژەیی دەبێ و ئەتنیکە نەتەوەییەکانی کوردستانیش لە مافی بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان بەهرەمەند دەبن. هەڵبژاردنە گشتییە ناوچەیی و سەراسەرییەکانی لە دەورەیەکی دیاریکراودا بەڕێوە دەچن. هەموو دەوڵەتێکی هەڵبژاردە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێردرێ کە لە یاسای بنەڕەتیی کوردستاندا دەنووسرێ. لە ڕووانگەی کۆمەڵەوە باشترین حاڵەت دەروەیەکی چوار ساڵەیە.

٧. کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە کوردستان وەکوو هەموو شارومەندان ڕێزیان لێدەگیرێ و مافی شارومەندیی دانیشتوانی غەیری کورد لە کوردستان پارێزراوە.
٨. لە ناوچەی کوردستان شێوازی فێدراڵی ڕەچاو دەکرێ و هەوڵ بۆ کزکردنی ناوەندگەرایی (واتە بەرگرتن بە کەڵەکە بوونی دەسەڵات لە یەک شوێن) دەدرێ و هەر ناوچەیەک دەزگای بەڕێوەبردنی خۆی دەبێ. شارەکان شوورا (پارلمان)ی خۆیان دەبێ و ئۆرگانەکانی حکوومەت لە یەک ناوچە کۆ ناکرێنەوە و بەسەر هەموو ناوچەکان بە تایبەتی شارە چکۆلەکان و ناوچە بێبەشکراوەکاندا دابەش دەکرێن.
٩. ئازادیی سیاسیی، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی سازکردنی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و نارەزایی نیشاندان، ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی و سینفی، ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئازادیی حیزبەکان، ئازادیی ئایینیی، ئازادیی هەڵبژاردنی شوێنی کار و ژیان بەشێک لەو ماف و ئازادییانەن کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگاییەکی دێمۆکراتیک دەبێ دابین بکرێن.
١٠. یەکسانیی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکانی خانەوادەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و کولتووریی دەبێ ڕەچاو بکرێت. هەموو یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ هەڵپێچرێن و یەکسانیی تەواوی ژنان و پیاوان بۆ نموونە لە پێکهێنانی ژیان، جیابوونەوە، مافی سەرپەرەستیی منداڵ و میرات، دەبێ بسەلمێ و وەک یەک وابێ.
١١. هەموو شارومەندان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، بیروبڕوا، نەتەوە، بڕووا بە ئایینێکی تایبەت یان بێبڕوا بوون بە ئایین، ژن یان پیاو بوون و هتد لە باری مافەکانەوە یەکسانن. (یەکسانیی حقووقیی شارومەندان)

**١٢.** سێکولاریزم و جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیستێمی سیاسیی کوردستانە

**١٣.** پاراستنی ژینگە و گرینگیدان بەو مەسئەلەیە و داڕشتنی سیاسەتەکان بەو پێیە یەکێکی دیکە لە فاکتۆرە گرینگەکانی بەڕێوەبردنی کوردستان دەبێ.

بە کورتی: کۆماریبوون، پارلەمێنتاریزم، پلورالیزم، دموکراسیی، سێکولاریزم، دەوڵەتی ڕیفاه، دەوڵەتی یاسا، جیاکردنەوەی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتیی و یاسادانان و دەزگای قەزایی و زەمانەتکرانی مافی کەمینە نەتەوەییەکان و مافی هەموو شارومەندانی دانیشتووی کوردستان بناغەکانی سیستەمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن.

**دووهەم: سەبارەت بە بەیانییەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ**

کۆمەڵە لایەنگر و پشتیوانی بوکلتوروبنەمابوونی بزووتنەوەی مافی مرۆڤە و پابەندبوونی خۆی بە بەیانییەی جیهانیی مافی مرۆڤ ڕادەگەیەنێ. لە کوردستان دابینکران و ڕێزگرتن لە مافەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی فەرهەنگیی و پەرەسەندنی بەها مرۆیی و عەداڵەتخوازانە و دموکراتیکەکان. لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕووانییەکانی خەڵک بۆ گەیشتن بە مافە فەردییەکان و هەوڵی کۆمەڵانی خەڵک بۆ وەرگرتنی کەسایەتی و بایەخەی تاکەکەسییەکان لە کۆمەڵگادا یارمەتیدەرێکی گەورەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستان بووە. هەر بەو هۆیە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پابەندی بەیانییەی مافی مرۆڤ و پاشکۆ و پەیوەستەکانیەتی و بۆ جێگیرکردنیان هەوڵ دەدا.

دابینکردنی بێهداشتی گشتی، شوێنی ژیان، ئازادیی ڕادەربڕین،

ئازادیی ئایین، دابینکردنی کار و بەهرەمەندبوون لە هەموو پێوسیتییەکانی ژیانی مرۆڤی سەردەم مافی هەموو شارومەندانی کوردستانە. دابینکردنی ئازادییە فەردییەکان و هەوڵ بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ژیانی شارومەندان یەکێک لە بنەما سیاسی و ستراتیژیکەکانی کۆمەڵەیە.

## سێهەم: سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتێکی دژە خەڵکیی و دژە ئازادییە کە بە زاڵکردنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی ئایینی و پۆلیسی ڕێگری سەرەکیی دامەزرانی کۆمەڵگایەکی دموکراتیک و سێکولارە. ئەو حکوومەتە لە کاتێکدا لەگەڵ ڕق و بێزاریی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک و تەریککەوتنەوە لە کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بەرەوڕووە بە پشتبەستن بە توندوتیژترین و بێبەزەییانەترین سیستێمی پۆلیسی و دیکتاتۆریی ئایینی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدا.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران داهاتووی کۆمەڵگەی خستووەتە مەترسییەوە و ئاسەوارانی لەسەر ژیانی نەوەی داهاتوو، مەترسیدارن. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئابووریی وڵاتی وێران کردووە و بەشەکانی بەرهەمهێنان و پەرەسەندی سەنعەت و ئەو بەشانەی دەبنە هۆی دروستبوونی کار بۆ خەڵک مانایەکیان نەوامەوە و وەرشکستبوونی یەک لە دوای یەکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەی ڕێژەی بێکاری لە ئاکامەکانی دەسەڵاتی حکوومەتی ئێرانە. ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی گەیشتووەتە لێوارەی لێکترازانی ئەخلاقیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. ئەو حکوومەتە هەست بە نائەمنیکردن و نیگەرانیی زۆرینەی خەڵک بە مەرجێک بۆ درێژەی

دەسەڵاتی خۆی دەزانێ.

کرێکاران، ژنان، نەتەوەژێردەستەکان، خوێندکارانی زانستگە، رۆشنبیران و لاوان لە شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ ئەو حکوومەتەدان کە هەموو مافەکانیانی پێشێل و زەوت کردووە. هەرجۆرە بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەرهەمی شێلگیری و لەخۆبردوویی خەڵک و هەوڵی بێوچانی خەباتکارانە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەسەڵاتێکی دژە ژن، پیشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و پشتیوانی تیرۆریزم و تیرۆریستان و هاوکاری رێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ نائەمنکردنی ناوچەکە و جیهان ناسراوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە جاران نەداریی، بێکاریی، نائەمنیی، وەزعی نالەباری کۆمەڵایەتیی و شەڕی پەرە پێداوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران رێگری سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەی و ئازادی و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی لە ئێران و ناوچەکەیە. نەمانی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆریی ئایینییە شەرتی سەرەکیی کرانەوەی رێگەی بەرەوپێش لە ژیانی خەڵکدایە.

کۆمەڵە هەوڵدەدا بە هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ هەموو ئەو هێزە چەپ و دیموکراتانەی کە مافی نەتەوەیی و دیموکراتیکی خەڵکی کوردستان بە رەسمیی دەناسن و پشتگیریی دەکەن، خەباتی سەراسەری لە ئێران بەهێز و هاوئاهەنگ و یەکگرتوو بکا و خەباتەکەیان بەرەو رووخانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران رێنوێنی بکا.

## چوارەم: کۆمەڵە و ئایین

کوردستان کۆمەڵگایەکە کە بڕووا بە دموکراسیی، ئاشتیی، مرۆڤدۆستی و ئازادیی و ڕاوەستان بەرانبەر بە زوڵم و زۆر تێیدا ڕەگێکی بەهێزی داکوتاوە.
کۆمەڵە هاودەنگ لەگەڵ ئەو بڕووا گشتییە لە کوردستان ڕایدەگەیەنێ حیزبێکی ئازادیخواز، سێکولار و لایەنگری بەرینترین دموکراسییە. کۆمەڵە خوازیاری جیایی تەواوی دین لە دەوڵەتە. بڕووا بە جۆرێک لە ئایین یان بێبڕوایی بە ئایین مەسئەلەیەکی خسوسیی ئینسانەکانە. هەر کەسێک بۆی هەیە هەر بڕوایەکی ئایینیی هەبێ یان بڕوای بە هیچ ئایینێک نەبێ. حکومەت لە کوردستان نابێت یارمەتی هیچ ئایینێکی دیاریکراو بدات یان بهێڵێت ئامرازە دەوڵەتییەکان دژ بە ئایین و ئایینزا بە قازانج و بەرژەوەندیی یەکێکی دیکە بەکاربهێنرێت.
پشتیوانیکردن و پەرەپێدانی ئایین یان دژایەتیکردنی لە سیستێمی فێرکردن وەلادەنرێ و حکومەتی کوردستان لەو بابەتەوە بە تەواوەتی سێکۆلارە. فێرکردن و کاری ئایینی یان هەوڵ بۆ نەهێشتنی بڕوای ئایینی ئەرکی ئەو ناوەندانەیە کە لایەنگرانی ئەو کارانە پێکیاندێنن و باری ئابوورییەکەشی دابین دەکەن. ناوەندە ئایینی و دژە ئایینەکان بۆیان نییە لە کۆمەڵگادا بە قازانجی خۆیان ئیجراییات بکەن.

**پێنجەم: سەبارەت بە ئیعتیاد و نارکۆتیک**

لە کۆمەڵگای ئێران دوو میلیۆن کەس بەتەواوی موعتادی مادەسڕکەرەکانن و سێ و نیو میلیۆن کەسی دیکەش مادەی نارکۆتیک بەکاردێنن. کوردستان سەهمیکی مەترسیداری لەو ئامارەدا هەیە.
پەرەپێدانی ئیعتیاد لە کوردستان یەکێک لە پیلانەکانی حکوومەتی ئێران بۆ لەکارخستنی پۆتانسییێل و توانی خەباتکارانەی خەلکی

کوردستانە. ناوەند و دامەزراوە ئەمنییەتییەکان کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان ئەرکی بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەتە وێرانکارەیان لە کوردستان لە ئەستۆیە. کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران خۆیان دانیان بە بوونی وەها پیلانێکدا ناوە. پارێزگاری پارێزگای کوردستان لە دەیەی ٧٠ی هەتاوەی کە ئێستا لە نووسینگەی ڕابەری کۆماری ئیسلامیی کاردەکا و ڕاوێژکاری عەلیی خامنەییە وتوویەتی "من توانیم چەک لە دەستی لاوانی کورد بستێنم و لەباتی چەک زەڕوەرەق بدەمە دەستیان" و بەو شێوەیە پەردەی لەسەر ئەو سیاسەتە نگریسەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان لادا. ئێستا نزیکەی دوو دەیە بەسەر دەسپیکردنی پڕۆژەیەدا تێپەڕیوە. ئەو پڕۆژەیە لە لایەک تواندنەوە و شکستپێهێنای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، دامرکاندنی خەباتکاری و ئازادیخوازیی کردووتە ئامانج و لە لایەکی دیکەوە بەتەمای بەلارێدابردنی ئەخلاقیی و ڕۆحیی خەڵک و تێکدانی خانەوادەکان لە کوردستانە.

کۆمەڵە پڕۆژەی نگریس و بەرینی پەرەپێدانی ئیعتیاد و مادەی نارکۆتیک کە بەدەستی حکوومەتی ئێران بە شیوەی سیستێماتیک و پلان بۆ داڕێژراو لە کوردستان دەچیتەپیش بە یەکیک لە لەمپەرە گەورەکانی سەر ڕێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی دەزانێ و وەکوو لەشکرکێشییەکی دیکە دژی خەڵکی کوردستان چاوی‌لێدەکا. کۆمەڵە هەموو توانی خۆی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو دیاردەماڵوێرانکەرە و ئەو سیاسەتە نامرۆییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخاتە گەڕ و هەوڵ دەدا تواناکانی خەڵک بۆ بەرگرتن بەو دیاردەیە لە کوردستان بەهێز بکا. ئێستاکە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بزووتنەوەی خۆرسک و ناوەندی جۆراوجۆر بۆ بەرگرتن بە پەرەگرتنی ئیعتیاد پێکهاتووە،

تەشکیلاتی نهێنیی کۆمەڵەلە هەموو کوردستان هەوڵ بۆ بەهێزکردنی ئەو ناوەندانە دەدا و سازدان و ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەلکی دژی شەبەکەکانی بڵاوکردنەوەی ماددە سڕکەرەکان کە سەریان بە دەزگا و ناوەندە تایبەتە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێرانەوەیە، بە بەشێک لە کار و ئەرکەکانی خۆیان دەزانن.

## شەشەم: دژایەتی چەکی کۆمەڵکوژ

درێژەی شەڕ لە زۆر شوێنی جیهان، لەشکرکێشیی نیزامی بۆ وڵاتانی دیکە بە بیانووی جۆراوجۆر و هەوڵی وڵاتان بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ یەکێک لە گرفتە ئاڵۆزەکانی دونیای ئەمڕۆیە کە دەبێتە هۆی نائەمنی، تێداچوون و ئاوارەیی و سەرگەردانیی خەڵک.
کۆمەڵە پشتیوانیی داخوازیی کۆمەڵگای جیهانیی و ڕای گشتیی جیهان بۆ کۆتایی پێهاتنی شەڕ و بەرهەمهێنرانی چەکی کۆمەڵکوژ دەکا. گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە سەدەی رابردوودا زیاترین ئازاری لە شەڕ و لەشگەرکێشیی نیزامیی و چەکی شیمیایی دیتووە. بۆیە بۆ نەتەوەیەک کە خۆی قوربانیی شەڕ و بۆمبارانی شیمیایی و چەکی کوکۆژە، داواکاریی بەرگرتن بە شەڕ و بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ داخوازییەکی بەجێگە و واقعییە.
کۆمەڵە بە مەبەستی ڕزگاربوونی خەڵکی جیهان لە مەترسیی شەڕی ئەتۆمیی و کۆمەڵکوژیی، لایەنگری لە جووڵانەوە داماڵینی چەکی ئەتۆمیی و چەکی کۆکوژ دەکا.

## هەفتەم: مافەکان و کارکردنی منداڵان

لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کار و چەوساندنەوەی

منداڵان بەشیوەیەکی بەرچاو بەرین بووەتەوە و شێوازێکی نامرۆڤانەتری بە خۆیەوە گرتووە. دەیان هەزار منداڵ خەریکی کارهایەکن کە بۆ گەورەسالانیش تاقەتپڕووکێنە و ئەو چەوساندنەوە بێبەزەییانە ژیانی نەوەی داهاتووی خستووەتە مەترسییەوە. زیادبوونی ژمارەی منداڵانێک کە کار دەکەن بەردەوام لە زیادبووندایە و ئەو نیشاندەری باری ئابووریی خراپی خانەوادە کرێکار و زەحمەتکیشەکان دەکا کە لە ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بێکاری، هەژاری و نەداری و گرفتەکانی ژیانیان بە شێوەیەکی مەتریسدار زیادی کردووە. ئەو بارودۆخە دیاردەی منداڵانی سەرشەقامی لەگەڵ خۆی هێناوە کە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئێران بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر پەرەدەستێنێ. دیاردەی منداڵانی سەرشەقام بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕەنگدانەوەی سیاسەتە دژە کرێکاریی و دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بوونی دەیان هەزار منداڵی سەر شەقام کە ڕۆژانە لە سەر شەقامەکان و مەیدانەکانی کار و کەلاوەکان سەرگەردانن و شەوانە دەبنە قوربانیی باندە خراپکارە جۆراوجۆرەکان، ئاکامی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و ڕاستییەکانی ئەو دەسەڵاتە بەڕوونیی دەردەخەن.

خەباتی دژی ئەو دیاردەیە و بەرگرتن بە کارکردنی منداڵان دەبێ هەر لە ئێستاوە بخرێتە دەستووری کاری هەموو ناوەند و ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان بۆیە کۆمەڵە داوا دەکا

١. کارکردنی منداڵانی تەمەن کەمتر لە ١٦ ساڵ قەدەغە بکرێت.

٢. شوێنی تایبەت بۆ بەخێوکردن و ئاگاداریی منداڵانی بێسەرپەرەست دابنرێ.

**٣**. حکوومەتی کوردستان سەرپەرەستیی منداڵانی سەرشەقام بگرێتە

ئەستۆ و ئەرکی فێرکردن و بارهێنانیان قەبووڵ بکا.
**۴**. کۆمەڵە بەیانییەی جیهانی مافەکانی منداڵی قبووڵە و بۆ چەسپاندنی لە کوردستان هەوڵ دەدا.

**هەشتەم: خوێندن و فێرکردنی گشتی و خۆڕایی**

خوێندن و فێرکردن بەردی بناغەی کۆمەڵگای داهاتووە بۆیە لە ڕووانگەی کۆمەڵەوە:
**۱**. هەموو منداڵێک دەبێ تا کلاسی **۹** و لانیکەم تا **۱۶** ساڵی بخوێنێت و خوێندن بۆ هەمووان بە خۆڕایی بێ
**۲**. بە مەبەستی نەهێشتنی هەڵاواردن لە خویندندا، خوێندنگە بازرگانیەکان دەکرینە خوێندنگەی گشتی
**۳**. خەرجی کتێب و پێویستییەکانی خوێندن لە ئەستۆی دەوڵەتە و شەهرییەی خوێندنگەکان و زانستگە دەوڵەتییەکان لاببرێن.

**نۆهەم: سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستییەکانی بەساڵاچووان**

لە کوردستان هەلومەرجی ژیانی بەساڵاچووان و کەمئەندامان زۆر دژوار و تاقەتپڕووکێنە. هەرچەن لەم ساڵانەی دواییدا هەندێک هەوڵی جێگای پیزانین لە لایەن ژمارەیەک لە ڕێکخراوە سەربەخۆ و خۆرسکەکانی تایبەت بە کەمئەندامان و بەساڵاچووان بۆ چاککردنی دۆخی ژیانی ئەو کەسانە دراوە بەڵام هێشتا تا گەیشتن بە دابینکردنی ژیانێکی شیاو بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگا ڕێگەیەکی زۆرمان لەبەردەمدایە. کۆمەڵە پشتیوانیی لە هەولەکانی ئەو ناوەندانە دەکا و هەوڵی خۆی بۆ یارمەتی و پەرەپێدانیان لە کوردستان دەخاتەگەڕ. ئەو ئەرکە گرینگە ئەرکی هەموو چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی و کۆمەڵایەتیی

کوردستانە، بە پلەی یەکەم حکوومەتی کوردستان. بەشداری لەو ناوەندانە و وەرگرتنی کار و ئەرک لە ناوەندەکانی تایبەت بە یارمتیدانی بەساڵاچووان و کەمئەندامان بەشێکی جیانەکراوەی ئەرکەکانی هەموو ئەو کەسانەیە کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مرۆڤانی خەبات دەکەن.

چۆنیەتیی دابینکردنی ژیانی بەساڵاچووان و کەمئەندامان دەبێ بەڕوونی دیاری بکرێ و هەر لە ئەورۆوە هەوڵی بۆ بدرێ. لەو ڕووەوە حکوومەتی باشبژیەتیی/ خۆشگوزەرانیی کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین ئامرازێکی پێویستە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە و جۆرەکانی دیکە کە هەڵاواردن دەگرنە خۆیان.

کۆمەڵە خوازیاری دانرانی شوێنهایەکی تایبەت بۆ ئاگاداری و خزمەتگوزاریی بەساڵاچووان و کەمئەندامانە و لە ڕووانگەی کۆمەڵەوە هەموو خەرجەکانی ئەو ناوەندانە دەبێ دەوڵەت دابینیان بکا.

## دەهەم: پێویستیی هەڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدام

سزای ئیعدام دەبێ لە بنەرەتەوە ڕەدکرێتەوە و هەڵبوەشێتەوە. ئیعدامکردنی تاوانباران ڕێژەی تاوان کەمناکاتەوە و دیاردەیەکی غەیری موتەمەدینانەیە و دەبێ لە کۆمەڵگای بەشەریدا نەمێنێ.

کۆمەڵە خوازیاری هەوڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدامە. بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی تاوان دەبێ بیر لە چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی ئەو دیاردەیە واتە نەداری و نەبوونی ئازدی بکرێتەوە.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دیکە لەگەڵ سزای وەحشیانەی ئیعدام و شێوە ترسناک و نامرۆییەکانی سزادان بەرەوڕوو بووە. هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام بۆ نەتەوەیەک

کە دەیان هەزار کەس لە خەباتکارانی بەو شێوەیە لەدەست داوە، داخوازییەکی ڕەوا و واقیعییە. دەبێ هەستی تۆڵە سەندنەوە لەناو ببرێ و ڕێگە نەدرێ ئەو برینانە وەکوو خۆیان بمیننەوە.

## یازدەهەم: دژایەتی لەگەڵ سزادان

بەدرێژایی سێ دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران سزادانی خەڵک لە شوێنە گشتییەکان و لە پێشچاوی خەڵک یەکیک لە ناشیرینترین ئامرازەکانی پاراستنی دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی بووە. حکوومەتی ئێران لەم **٣٠** ساڵەدا بە مەبەستی بەلارێدابردن و ڕووخاندنی بەها مرۆییەکان ئەو شێوازە دزێوەی بۆ سزادان بەکار بردووە کە کاریگەرایی زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگا بووە. لە ڕووانگەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەموو خەڵک تاوانبارن و ئەو کەسانەش وا لە مەیدان و شەقامەکان بۆ سەیرکردنی سزادانی تاوانباران کۆدەبنەوە تاوانبارانێکن کە دەبی چاوترسێن بکرێن. ئاسەواری خراپی ئەو دیاردە دزێوە تا ماوەیەکی زۆر پاش نەمانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیش لە کۆمەڵگادا دەمینیتەوە. هەڵوەشانەوەی سزادانی تاوانباران لە پیشچاوی خەڵک دەبێ ببێتە داخوازییەکی سەرەکی و دروشمی هەموو خەبات و تێکۆشانێک لە سەراسەری ئێران. تۆڵەسەندنەوە (قصاص)، سزای جەستەی، بڕینی دەست و لاقی خەڵک، سەنگەسار و سزا وەحشیانەکانی دیکە دەبێ بۆ هەمیشە هەڵوەشیندرێنەوە.

## دوازدەهەم: سەبارەت بە سەرچاوە سرووشتییەکان، ژینگە و ئاسەواری مێژوویی کوردستان

یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و حکوومەتە شۆڤینیستییەکانی دیکەی پێشووی ئێران دەستبەسەردا گرتن و تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکان، لەناوبردن و تالانکردنی ئاسەوارە نەتەوەیی و مێژووییەکان و زەرەر گەیاندن بە ژینگەی کوردستان بووە و ئەو سیاسەتانە ئێستاش بەردەوامن. حکوومەتی ئیسلامی لە چاو دەسەڵاتەکانی پێش خۆی زیاتر و جیددیتر دەستی داوەتە ئەو تالان و تێکدانە. کۆمەڵە پاراستنی ئاسەوارە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد بە بەشێک لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی دەزانێ و دژی سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی لەو بابەتەوە خەبات دەکا.

کۆمەڵە خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی پاراستنی ژینگە دەزانێ و هەوڵدان بۆ پاراستنی ژینگە لە کوردستان بە یەکێک لە ئەرکەکانی خۆی دەزانێ. بەشداریی چالاکانە لە ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە دەبێ هەوڵ بدەن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ لای ئەو مەسئەلەیە و گرینگیی ئەو پرسە زیاتر دەرخەن. ناساندنی بزووتنەوەی جیهانیی پاراستنی ژینگە بە خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی ئەزموونەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان دەبێ لە ئێستاوە وەکوو بەشێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵە چاویلێبکرێ.

فێرکردن و سازکردنی فەرهەنگی پاراستنی ژینگە یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی کوردستانە.

کوردستان خاوەنی ئاسەواری مێژوویی کۆن و پڕبایەخە کە لە **٣٠** ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تاڵان کراوە. حکوومەتی ئێران

بە شێوەیەکی پلانبۆداڕێژراوە هەوڵیداوە شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان لەناو بەرێ. لە چەند ساڵی رابردوودا گرنگیی ئەو شوێنەوارانە بۆ خەڵک زیاتر دەرکەوتووە و وشیاریی خەڵک لەو بابەتەوە زیاتر بووە و ئەو مەسئەلە تاڕادەیەک بەری بە تاڵانبردن و تێکدانی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان بە دەستی حکوومەت گرتووە، بەڵام هێشتا پێویستە کە هەر لە ئەوڕۆوە پلانێکی دیاریکراو بۆ پاراستنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان دابڕێژرێ.